Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/١٠.٢٤٢٧١/garmian.٢٠٧٠٣٠٧

# شیکردنەوەی پراگماتیکی چەند دەقێکی شیعری "فەرەیدون عەبدول بەرزنجی" بە پێی تیۆری کردەقسەییەکان

**دەریا سابیر حەمەد**

بەشی کوردی، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

**ڕۆژان نوری عەبدوڵا**

بەشی کوردی، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (شیکردنەوەی پراگماتیکی چەند دەقێکی شیعری فەرەیدون عەبدول بەرزنجی بە پێی تیۆری کردەقسەییەکان)ە، لەم توێژینەوەیەدا شیکردنەوە بۆ چەند شیعرێکی شاعیر کراوە، بەپێی ڕێبازی وەسفی شیکاری، کە وەکو ڕێباز و بابەتێکی گرنگ و پێویست لە ئاست و بوارە جیاجیاکانی لێکۆڵینەوەی زمانی و ئەدەبیدا بەرجەستە دەکرێت، هەروەها نوسینی ئەم توێژینەوەیە گرنگییەکەی لەوەدایە کە لایەنێکی پراکتیکی شیکردنەوەی دەقە و هەردو لایەنی زمان و ئەدەب بە یەکترەوە پەیوەستدەکات و ڕەنگدانەوەیان لەسەر یەکتری دەخاتەڕو، توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی، لە سێ بەش پێکهاتووە: لە بەشی یەکەمدا باسمان لە دەق و گوتار و شیکردنەوەی گوتار لەگەڵ توخمەکانی گوتار کردووە، لە بەشی دووەمیشدا بەکورتی باس لە زانستی پراگماتیک کراوە و دواتر پەیوەندی نێوان دەق و شیکردنەوەی پراگماتیکی خراوەتەڕو، هەروەها تیۆری کردە قسەییەکان و قۆناغەکانی و جۆرەکانی باسکراوە لەگەڵ پەیوەندی کردەی قسەیی بە ئەدەبەوە، لە بەشی سێیەمیشدا کە بەشێکی پراکتیکییە، کارکردنە لەسەر ئەو کردە قسەییانەی کە لەنێو دێرەکانی دەقە شیعرییە وەرگیراوەکانی شاعیردا هاتووە، واتە لەم بەشەدا هەوڵدراوە تەواوی کردەقسەییەکانی نێو دێرەکانی دەقە شیعرییە وەرگیراوەکان دیاریبکرێت و ئاراستەی کردەکان و کاریگەری گوتارەکە ڕونبکرێتەوە، لە کۆتاییشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراوەتەڕو

**Article Info**

Received: June, ٢٠٢٠

Revised:June,٢٠٢٠

Accepted: July ,٢٠٢٠

**Keywords**

شیکردنەوەی پراگماتیکی ، کردەقسەییەکان ، شیعر

**Corresponding Author**

darya.sabr@koyauniversity.org

rozhan.noori@koyauniversity.org

## پێشەکی:

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە " شیکردنەوەی پراگماتیکی چەند دەقێکی شیعری فەرەیدون عەبدول بەرزنجی بە پێی تیۆری کردەقسەییەکان" ئەم ناونیشانە چوارچێوە و ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە دادەڕێژێ و هەوڵێکە بۆ شیکارکردنی چەند دەقێکی شیعری شاعیر بەپێی "تیۆری کردەقسەییەکان".

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا شیکردنەوە بۆ چەند شیعرێکی شاعیر کراوە بەپێی ڕێبازی وەسفی شیکاری، کە وەکو ڕێباز و بابەتێکی گرنگ و پێویست لە ئاست و بوارە جیاجیاکانی

لێکۆڵینەوەی زمانی و ئەدەبیدا بەرجەستە دەکرێت.

گرنگی لێکۆڵینەوەکە:

نوسینی ئەم توێژینەوەیە گرنگییەکەی لەوەدایە کە لایەنێکی پراکتیکی شیکردنەوەی دەقە و هەردو لایەنی زمان و ئەدەب پەیوەستدەکات بە یەکترەوە و ڕەنگدانەوەیان لەسەر یەکتری دەخاتەڕوو.

ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە جگە لە پێشەکی لە سێ بەش پێکهاتووە: لە بەشی یەکەمدا باسمان لە دەق و گوتار و شیکردنەوەی گوتار لەگەڵ توخمەکانی گوتار کردووە، لە بەشی دووەمدا بەکورتی باس لە زانستی پڕاگماتیک کراوە و دواتر پەیوەندی نێوان دەق و شیکردنەوەی پڕاگماتیکی خراوەتەڕوو، هەروەها تیۆری کردە قسەییەکان و قۆناغەکانی و جۆرەکانی لەگەڵ پەیوەندی کردەی قسەیی بە ئەدەبەوە باسکراوە، لە بەشی سێیەمیشدا کە بەشێکی پراکتیکییە، کارکردنە لەسەر ئەو کردە قسەییانەی کە لەنێو دێرەکانی دەقە شیعرییە وەرگێڕاوەکانی شاعیردا هاتووە، واتە لەم بەشەدا هەوڵدراوە تەواوی کردەقسەییەکانی نێو دێرەکانی دەقە شیعرییە وەرگێڕاوەکان دیاریبکرێت و ئاراستەی کردەکان و کاریگەری گوتارەکە ڕونبکرێتەوە، لە کۆتاییشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراوەتەڕو.

## بەشی یەکەم:

١/١:دەق(text) و گوتار(discourse):

بەهۆی ئەوەی کەوا زمان دەق پێکدەهێنێت، بۆیە دەق کۆڵەگەیەکی گرنگی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤە، ڕێکخەری پەیوەندی ڕۆژانەی نێوان تاکەکانی کۆمەڵە و هەر بۆیە ژیانی کۆمەڵایەتیمان بە کۆمەڵێک دەقی جیاواز دەورەدراوە، لەوانە: دەقی یاسایی، دەقی ڕامیاری، دەقی ئاینی، دەقی ئەدەبی،... هتد. زۆربەی ئەم دەقانەش ڕۆڵی گرنگ لە ڕێکخستن و کارلێکردنی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵایەتیمان دەبینن، لە هەر دەقێکدا کۆمەڵێک دیاردەی ڕێزمانی و واتایی و فەرهەنگی و کارلێکردن ڕوودەدەن، کە خۆیان لە لکانی نێوان پارچەکانی دەقدا دەبیننەوە، هەر ئەمانەش دەبنە هۆی دروستبوونی دەق، کۆمەڵێک توخمی وەک: (نێرەر، وەرگر، پەیام، کۆد، دەوروبەر،... هتد) لە دەقدا و لە بازنەی ئاخاوتن و نووسیندا ڕۆڵ دەبینن، بۆ لێکۆڵینەوە لە دەقیش یارمەتی لە زۆر زانستی جۆرا و جۆر وەرگیراوە، لەوانە: (زمانەوانی، شێوازگەری، هێماکاری، دەروونناسی، کۆمەڵزانی، کۆمپیوتەر،... هتد)(بابا ڕەسوڵ: ٢٠١٣، ٩).

هەموو پێویستییەکانی ژیانی مرۆڤ لە ڕێگەی دەقەوە دەبێت، هەر لە پێویستییەکانی قوتابخانەوە بگرە، تا بڕوانامە کارگێڕییەکان و تا دەقە زانستییەکان و ڕۆشنبیری و ڕێنیشاندەرەکانی تەلەفۆن و نامەکانی ناو مۆبایل و شوێنی وەستان و چاوەڕوانکردنی پاسەکان و فرۆکەخانەکان و تا دەگاتە هەموو بوارە جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندن هەمووی بە دەقە(حسين خمرى: ٢٠٠٧، ٩)، لە زمانی کوردیدا، وشەی (دەق) لەبەرامبەر وشەی (النص)ی عەرەبی و (Text) ی ئینگلیزی و ئەوروپی بەکارهاتووە، وشەی دەق "Textus" وشەیەکی لاتینییە، لە کاری "Textere" ەوە وەرگیراوە، بە مانای "چنین" دێت، هەروەکو چنینی فەرش، کەواتە دەکرێ بگوترێ دەق بریتییە لە چنینی وشەکان و گرێدانیان لەگەڵ یەکتردا، یان دەق بریتییە لەو چنراوەی کە ڕیزکردنی بیرۆکەکان و یەک لە دواییەکی وشەکانی تێدا بەرجەستە دەبێت(تاڵیب حوسێن: ٢٠١٩، ١٦).

لە فەرهەنگی (Robert)ی فەرەنسیدا، دەق کۆمەڵێک وشە و ڕستەیە، کە بەشێوەی نووسینە یان گۆکردنە (محمد عزام: ٢٠٠١، ١٢)، هالیدای پێی وایە دەق هەمو بەدوایەکداهاتویەکی ڕستە دەگرێتەوە، کە پەیوەندییەک بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە(عەبدولواحدی موشیر: ٢٠١٤، ٤٧)، یان دەگوترێت ((دەق پێکهاتەیەکی سەرەکی ئاخاوتن و شێوە نوسراوی گوتارە، پێکدێت لە بەدوایەکداهاتنێکی ڕستەیی، کە بەهۆی دەقبەستێتییەوە "Coherent"پەیوەندی واتایی بەیەکەوە بەستراون))(بەیان مەلاحمەدامین: ٢٠١٣، ١٢٧)، بە بۆچونی ڕۆلان بارتیش دەق چنراوێکە لە کۆمەڵێ یەکەی واتادار و خاوەن چەمک پێکهاتووە(عەبدولواحدی موشیر: ٢٠١٤، ٤٧)، هەروەها دەق پێکهاتەیەکی زمانییە یان شێوەی ئاخاوتنییە کە بریتییە لە زنجیرەیەک ڕستەی بەدوای یەکتردا هاتوو، کە لەناو ئەو ڕستانەدا یەکگرتنێک و پێکەوە سازانێک هەیە. ئەو دەقەش لە ڕێگەی نێرەرەوە بۆ وەرگر

دەگوازرێتەوە(عەبدولسەلام نەجمەدین و شێرزاد سەبری: ٢٠١١، ٧٦).

لە ڕوانگەی پراگماتیکیشەوە دەق زنجیرەیەکی زمانی گۆکراوە یان نووسراوە و ئەرکێکی کۆمەڵایەتی دەبینێت (بێری یاسین: ٢٠١٢، ٧٢)، یان دەگوترێت دەق ((یەکەیەکی سیمانتیکییە پەیوەندی بە فۆرمەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە واتاوە هەیە، لەوانەیە دەق نوسراو بێت یان نەنوسراو بێت، پەخشان بێت یان شیعر بێت، گفتوگۆ یان مەنەلۆگ بێت))(قەیس کاکل: ٢٠٠٢، ٢٩).

لە کۆی هەمو ئەم پێناسانە ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە کەوا دەق بریتییە لە چەند ڕستەیەکی بەدوایەکتر داهاتوو، کە ئەم ڕستانە یەکتر تەواو دەکەن و پەیوەندییەکی واتایی و ڕێزمانی و فەرهەنگی بەهێز لە نێوانیاندا هەیە، لە دەقدا توخمەکانی وەک: (نێرەر، وەرگر، پەیام، کۆد، شێواز، دەوروبەر، زانیاری هاوبەش و کەلتور) ڕۆڵی بەرچاو لە کردەی پەیوەندیکردن و گەیاندندا دەبینن، یان دەق دانەیەکی زمانییە لەوانەیە گوتراو بێت یان نوسراو، پەخشان بێت یان شیعر، گفتوگۆ بێت یان مەنۆلۆگ، ناونیشان و دروشم بێت یان پەندی پێشینان یان قسەی نەستەق بێت، هەروەها هەر نوسینێک، لەڕووی فۆرمەوە ئەگەر دەوروبەرێکی تایبەت بەخۆی نەبێت بە دەق هەژمارناکرێت.

دەربارەی گوتاریش دەگوترێ وشەی (Discourse) لە وشەی (Discoursus) یان لە وشەی (Discourere)ی لاتینییەوە هاتووە، کە بە واتایی (وتوویژ و گفتوگۆ)دێت(سعد صهیب: ٢٠١٠، ٢٢)، گوتار دەقێکی بەکارهێنراوە لە دەوروبەرێکدا، یان ئەو گوتنەیە کە لە نێوان دو کەسدا (قسەکەر - گوێگر) یان زیاتر بەڕێوەدەچێت، واتای گوتاریش لە ئاستی پراگماتیکدا لێکدەدرێتەوە، بە واتایەکی تر ئاستی پراگماتیک ئەو ئاستەیە کە پەیوەندی نێوان زمان و دەوروبەری تێدا بەرجەستە دەبێت، واتای گوتاریش دەبێتە واتای دەق لەگەڵ واتای دەوروبەردا(تالیب حوسێن: ٢٠١٩، ٢٢)، گوتار (Discourse) زاراوەیەکە لە زانستی زماندا، بۆ باسێک بەکارهێنراوە کە قسەکەر باسی لێوە دەکات، لە ناوەڕۆکدا هەڵگری چەندین بیروبۆچونە و دەکرێت بە شیکردنەوە پەی بەم بیروبۆچونە جیاوازانە ببرێت، لە فۆرمیشدا گەورەترە لە ڕستە(Crystal: ٢٠٠٨, ١٤٨).

لەسەرچاوە کوردی و عەرەبییەکاندا، جۆرە تێکەڵی و ئاڵۆزییەک لە بەکارهێنانی زاراوەکانی وەك: (دەق .Text) و (گوتار .Discourse) و (وتار .Essay) و (ئاخاوتن / گفتوگۆ .Conversation)دا هەیە و زاراوەکان بە گونجاوی بەکارناهێنرێن، بۆ نمونە لەناو سەرچاوە کوردییەکاندا، زاراوەکانی وەکو (دەق، گوتار ، ئاخاوتن) بەرامبەر بە چەمکی (Discourse) بەکاردێت، یان لەناو سەرچاوە عەرەبییەکاندا، هەردوو چەمکی (النص) و (الخطاب) بەرامبەر بە (Discourse) بەکارهاتووە، کە بۆ دەقی نووسراو چەمکی (النص المدون) و (النص المکتوب) بەکاردێت، بۆ دەقی گوتراویش (النص المنطوق) بەکاردێت. زاراوەی (الخطاب) لای عەرەبەکان بۆ یەکەم جار لە قورئانی پیرۆزدا بەکارهات، بەڵام لەسەردەمی نوێدا، (هایمز) بۆ یەکەم جار (Discourse) بەکاری هێناوە(عبدالهادی بن ظافر: ٢٠٠٤، ٣٥ ـ ٣٧)، هەروەها دەگوترێ هاریس بۆ یەکەم جار باس و پێناسەی گوتاری کردووە و دەڵێت گوتار یەکەیەکی گەورەیە یان کۆمەڵە ڕستەیەکی زنجیرەییە، (چیا عەلی و بروا ڕەسوڵ: ٢٠١٨ ، ٢٨٢).

هەروەها (Discourse) بازنەیەکی قسەکردنە و بەهۆی (قسەکەر) و (قسەبۆکراو)ەوە بەرهەم دێت، پەیامێکیش لەنێوان ئەم دووانەدا هەیە، گوتار لە دەوروبەردا بەکاردێت و پەیوەستە پێوەی، لەبەرئەوەی کۆمەڵێک توخم لە بەرهەمهێنان و پێکهاتە زمانییەکەیدا بەشداری دەکەن، هەروەها بەشداری لە لێکدانەوەشیدا دەکەن، توخمەکانیش بریتین لە (نێرەر، وەرگر، ... هتد) (عبدالهادی بن ظافر: ٢٠٠٤، ٣٥.٣٧).

لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بڵێین (Discourse) زیاتر بۆ زمانی ئاخاوتن یان گفتوگۆ بەکاردێت، بەڵام دەقە نوسراوەکانیش دەتوانرێ بخرێنە ناو چەمکی (Discours)ەوە، چونکە کاتێ زمان بۆ دەربڕینی بیر بەکاردێت، لێکچونێکی زۆر لەنێوان نوسین و ئاخاوتن پەیدا دەبێت، ئەمە لە کاتی بیستنی دەقە زارەکییەکاندا یان لەکاتی خوێندنەوەی دەقە نووسراوەکانیش ڕەوایە، چونکە دەقە نووسراوەکانیش، ڕاست وەکو

گفتوگۆییەکـان بەکارهێنانیـان هەیە، کە هەمـان ئەو نووسەر و خوێنەرانەن(ڕەحیم سورخی: ٢٠٠٨، ٧٩).

٢/١: بۆچونی شیکردنەوەی گوتار(Discourse Analysis):
دامەزرێنەری ئەم بۆچوونە (بـراون و یـول)ن، کەوا زیـاتر گرنگی بە وەرگر دەدەن و لە ڕوانگەی ئەوەوە سەیری دەق دەکەن و پێیان وایە کە کردەی ئاخاوتن بە هاوبەشی نێرەر و وەرگـر ئەنجـام دەدرێ، هەروەهـا وای دەبیـنن، کەوا لە ڕێگەی کات و شـوێن و پێگەی بەشـداربووان دەتـوانین لە دەق و گوتار بگەین و لێکدانەوەی بۆ بکەین، بە بۆچوونی ئەوان، لکـان و گونجـانی بەشـەکانی دەق لەنـاو خـودی دەقەکە نیـیە، بەڵکـو لە لێکـدانەوەیەتی و دەبێـت وەرگـر بەدوایـدا بگەڕێت(خلیـل بـن یاسـر: ٢٠٠٩، ١٥٩)، کەچی (ڤـان دایـک) لە شـیکردنەوەی دەقـدا پشـت بە ئاسـتی سـیمانتیک و پڕاگماتیـک دەبەسـتێت و دەق دەبەسـتێتەوە بە ڕۆنـانی گشـتی و بەنـدکردنی واتـاییەوە، بەڵام (هالیـدەی) لە شـیکردنەوەی دەقـدا جەخـت لەسـەر لکـانی ڕێزمـانی دەکاتەوە و دواتر بـاس لە واتـا دەکات(بابا ڕەسـوڵ: ٢٠١٣، ٤٠).

شـیکردنەوە یـا شـیکار (Analysis) بـریتییە لە کـردەی هەڵوەشـاندنەوەی دەق بۆ پارچەپێکهێنەکانی، یان بریتییە لە کـردەی هەڵاوێرکـردن و دەستنیشـانکردنی پێکهـاتە و پێویسـتییەکانی زانسـتێک یـان دیـاردەیەک یـان بابـەتێکی دیـاریکراو، چەمکـی شـیکردنەوە تایبەتمەنـدی گشـتێتی لەخـۆ دەگرێـت و دەکـرێ لە بـوارە جیاجیاکـان و زانسـتە جۆراوجۆرەکانـدا پێڕەوبکرێـت. چـونکە شـیکردنەوە بـریتییە لە شیکردنەوە و هەڵوەشـاندنەوەی شـتێك، کەرەسـەیەک، بەرهەمێـک،... هتـد. بـۆ بەشـە پێکهێنەرەکانی(دارا حەمیـد: ٢٠١٢، ٣).

هەروەهـا پەیوەنـدییەکی پـتەو لە نێـوان زمـانەوانی دەق لەگەڵ بـابەتی شـیکردنەوەدا هەیە، تەنیـا جیـاوازی نێوانیشـیان ئەوەیە کە شـیکردنەوەی گوتـار مەبەسـت لێی دیـاریکردن و خسـتنە ڕوی تایبەتمەنـدییە کـۆمەڵایەتی و کەلتـوری و دەروونییەکـانە، کە پەیوەسـتە بە تـاکەکەس، یان کەسـەکان هەیانە لەناو کۆمەڵدا. دیارە ئەمەش بەدەر لە بونیـادی خـودی دەقەکەدا بەرجەسـتە دەبێـت، لەگەڵ ئەوەشـدا شـیکردنەوەی گوتـار لە بەشـێکی زۆر لە بـوار و پسـپۆڕێتی و زانسـتە جیاجیاکـانەوە باسـی لێـوە دەکرێـت، وەک ئەوەی لە زانسـتی زمـان و فێرکـردن و کۆمەڵناسـی و ئەنترۆپۆلـۆجی و ...هتـد،(تاڵیب حوسـێن: ٢٠١٩، ٢٦)، هەروەهـا شـیکردنەوەی گوتـار لێکـۆڵینەوەی زمـانە لە ڕوانگەی ئەرکییەوە، لە ڕێی پێکهاتەی زمانی و بە ئاماژە بۆ بنەمـا نازمانییەکـان وەک دەق و قسـەکەری زمـان و ئەو دەوروبەرەی تێیـدا بەکاردێت(عەبدولواحیـد موشـیر: ٢٠١٤، ٧٨)، دەبێـت شـیکەرەوەی دەق، دیـاردە پڕاگماتیکییەکـانی وەک: (میتـافۆر، ئیـدیەم، لـێکەوتە، گریمانەی پێشـەکی، کردەی قسـەیی، بنەماکانی هاریکاری و بەزانـدنیان،... هتـد)، بەهەنـد وەربگرێـت و بە وردی لێیـان بکۆڵێتەوە، چونکە شیکردنەوەی دەق زیاتر پڕاگماتیکییە، نەک سیمانتیکی، دەبێت شیکەرەوەی دەق ئاشنای دیاردە کۆمەڵایەتییـەکان و کەلتوورییەکـانی کۆمەڵگـا بێت(بابـا ڕەسوڵ: ٢٠١٣، ٤٥).


بە پێچەوانەی زمانی ئاخـاوتنی ڕۆژانە و زمانی زانسـتەکان و بگرە زمانی هەنـدێ بـابەتی ئەدەبیش، زمـانی هەنـدێ دەقی تری وەک دەقی شیعری دیاردەیەکی تەواو ئالۆزە، چونکە نە کات(مێژوو)، نە شوێن(جوگرافیا)، نە ڕێزمان، نە یاسـاکانی واتاسازی، نە بنەماکانی هاریکاری، سنووری بۆ ناکێشێت و لە دەسـەڵاتی کەم ناکـاتەوە، بـۆیە دانەرانـی دەقی شـیعر مامەڵەیەکی تـایبەت لەگەڵ وشـەدا دەکەن و بەشـێوەیەکی ئاسایی بەکاری ناهێنن(محەمەد مەعروف:٢٠١٠، ٤٠١).

٣/١: توخمەکانی دەق و گوتار:
زمان لەزۆر گۆشەنیگاوە سەیر دەکرێت، لە ڕوانگەی پڕاگماتیکەوە زمان دوو ئەرکی سەرەکی دەبینێت، ئەوانیش بریتیین لە ئەرکی پەیوەندیکردن و ئەرکی گواستنەوەی زانیاری، لەسەر ئەم بنچینەیەش گوتار هۆکارێکی گرنگی پەیوەندیکردنە، هەر گوتارێکیش پشت بەچەند ڕەگەز و توخمێک دەبەستێت، لەوانە: ١.نێرەر(Sender):
ڕەگەزی سـەرەکی و گرنگی دەق و ئاخـاوتن نێرەرە، دەق و گوتار بەبێ نێرەر دروست نابێت، قسەکەر (نووسەر) ئەو کەسـەیە، کە پەیامێک ئاڕاسـتە دەکات (هەواڵ، زانیـاری، مەبەسـت،... هتـد) بـۆ کەسـێک یـان چەنـد کەسـێک (وەرگـر)، ئەم پەیـام نـاردنەی نێرەریش لەسـەر بنەمـای گریمانە و کردەی قسەیی بنیات دەنرێت، لە کردەی ناردنی

پەیامدا دەبێت قسەکەر (نووسەر) و گوێگر (خوێنەر) لە یەکتر بگەن و زانیاری هاوبەش و کەلتوری هاوبەشیشیان لە نێوانیاندا هەبێت، یان دەبێت وەرگر شارەزای کەلتوری نێرەر بێت. (بابا ڕەسوڵ: ٢٠١٣، ٤٧).

٢.پەیام(Message):

پەیام لایەنی هەستپێکراو و بەرجەستەیە لە پەیرەوی گەیاندندا، کە بریتییە لەو نیشانە و هێما کۆدکراوانەی کە بەشێوەیەک دادەڕێژرێن شیاوبن بۆ گواستنەوە (سەباح ڕەشید و بێری یاسین: ٢٠١٣، ٣٧)، واتە پەیام ئەو بیرەیە یان ئەو مەبەستەیە کە قسەکەر دەیەوێت بێگەیەنێت بە گوێگر، پەیام دەکەوێتە چەقی ڕووداوە زمانییەکەوە، بە پێی هێلکارییەکەی (جاکۆبسن)(ابراهیم خليل: ٢٠١٠، ٢٩).




لە پرۆسەی پەیوەندیکردن و گواستنەوەی زانیاریدا نێرەر پەیامەکەی وەردەگێڕێتە سەر هێمای گونجاو، تا وەرگر تێبگات، ئەو هێمایانەش یا زمانین یا نازمانین.

٣.کۆد(Code):

کۆد بریتییە لە ژمارەیەک کەرەستە کە بە لێکدانیان کەرەستەی نوێ و ئاڵۆزتر بەرهەم دێت و ئەم کەرەستانەش لە پاڵ یەکتردا ڕیزدەکرێن بۆ ئەوەی فرەیز و ڕستە و دانەی تریان لێبێتە بەرهەم(محەمەد مەعروف:٢٠١٠ ، ٦٣)، بەبێ بونی کۆد پەیام ناسراو نابێ و لێکنادرێتەوە، بە بونی کۆدی هاوبەشی نێوان نێرەر و وەرگر مەبەستی قسەکەر ئاشکرا دەبێ و یارمەتیدەر دەبێت بۆ تێگەیشتنی وەرگر و پرۆسەی پەیوەندیکردن بەردەوام دەبێت (سەباح ڕەشید و بێری یاسین: ٢٠١٣، ٣٧). زمان کۆدە، چونکە کۆد چەند توخم و کەرەسەیەکن، دەتوانرێت لە یەکبدرێن و لێیان توخمی نوێ و ئاڵۆزتر لە زماندا بەرهەمبهێنن(محەمەد مەحوی: ٢٠٠٩، ١٣٨ . ١٣٩).

٤.دەوروبەر(Context):

دو جۆر دەوروبەر(سیاق) دەوری پەیرەوی گەیاندن دەدەن، دەوروبەری دەق(دەوروبەری زمانی) و دەوروبەری دەرەوەی سیاق، دەوروبەری دەق تەنها گرنگی بە پەیوەندی نێوان یەکەکانی پێکهاتەی دەق دەدات، دور لە پەیوەندی یەکەکان بە جیهانی دەرەوەی دەق، هەرچی دەوروبەری دەرەوەی دەقە ئەمانە دەگرێتەوە (دەوروبەری کۆمەڵایەتی ، دەوروبەری دۆخ ، دەوروبەری ئەدەبی ، دەوروبەری ڕۆشنبیری و دەرونی)(سەباح ڕەشید و بێری یاسین: ٢٠١٣، ٣٨)، واتە دەوروبەر هەمو ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە کار لە گوتن و زمان دەکەن.

وشەش بەپێی دەوروبەری جیاواز واتای جیاواز دەبەخشێت، هەروەها دەگوترێت دەوروبەر بریتییە لەو پێشینە زانیارییەی کە پێشبینی دەکرێت هاوبەش بێت لە نێوان قسەکەر و گوێگر، کە وا لە گوێگر دەکات ئاسانتر لە مەبەستەکانی قسەکەر تێبگات لە هەر گوتنێکی دیاریکراودا(سازان ڕەزا: ٢٠٠٥، ٦٤).

پەیوەندی نێوان شیکردنەوەی گوتار و دەوروبەر پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیە، نێرەر لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی دەوروبەر گوتار دادەڕێژێت، لە ڕوی زمانییەوە دەوروبەر هەمو ئەو کردە زمانی و نازمانییانە دەگرێتەوە کە لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا ڕۆڵیان دەبێت(چیا عەلی و بروا ڕەسوڵ: ٢٠١٨ ، ٢٨٣ - ٢٨٤).

٥.کەناڵ(Channel):

پەیام کاتێک لە لایەن نێرەرەوە ئامادەدەکرێ، کە لە ڕێگەی کەناڵەوە دەنێردرێ بۆ وەرگر، کەناڵ هێڵی یان بازنەی بەیەکگەیشتنی نێوان نێرەر و وەرگرە. کەناڵ وەکو پردێک هەردوو لایەنی قسەکەر و گوێگر بەیەکەوە دەبەستێتەوە، کەناڵ دەشێ (ڕۆژنامە، گۆڤار، پەرتوک، وێنە، تەلەفزیۆن، ئەنتەرنێت، مۆبایل،... هتد) بێت(سەباح ڕەشید و بێری یاسین: ٢٠١٣، ٣٨).

٦.وەرگر(Receiver):

وەرگر ئەو کەس و لایەنەیە کە نێرەر پەیامی ئاراستە دەکات، واتە وەرگر بەرامبەر نێرەر دەوەستێت لە پەیرەوی گەیاندندا. وەرگر دوای وەرگرتنی پەیامەکە ئەرکی شیکردنەوەی کۆدەکان دەگرێتە ئەستۆ بۆ گەیشتن بە واتای مەبەستدار، ئەمەش کاتێک دەبێت کە ئەو کۆدانەی

نێرەر بەکاریدێنێ بۆ گەیاندنی مەبەستەکەی ناسراوبێ لە لایەن وەرگرەوە(سەباح ڕەشید و بێری یاسین: ٢٠١٣، ٣٩).
لە کـردەی شـیکرنەوە و لێکـدانەوەی کۆدەکـان وەرگـر پەنادەباتە بەر سێ قۆناغ:
١-لێکدانەوەی واتای فەرهەنگی، لە ڕێگەی واتای وشـە و لێکدانەوەیان.
٢-بەراوردکردنی لەگەڵ ئەو دەوروبەرەی کە تێیدا گوتراوە، تا بزانێت دەگونجێت یان نا.
٣-ئەگەر مەبەستەکەی نەگەیاند، ئەوا دەبێ بگەڕێتەوە بۆ هەندێ زانیاری کەسی و کەلتوری (عەبدولواحید موشیر: ٢٠٠٩، ٤٠).

**بەشی دووەم:**

٢/١: پراگماتیک:
لە زمـانەوانی نوێـدا سـەرەتای بەکارهێنـانی زاراوەی پراگماتیک بۆ (چارلس مۆریس) دەگەڕێتەوە، ئەم زانایە بۆ یەکەمجار لە ساڵی (١٩٣٨)دا لە کتێبی (زانستی هێماکان (Semiotics)دا ئاماژەی بەم زاراوەیە کـردووە و لە کتێبی زانستی هێماکاندا سێ جۆر پەیوەندی لەنێوان هێماکاندا دیاریکردووە و بە لێکـۆڵینەوەیەکی زمـانەوانی نـاویبردووە، بەم شێوەیە:
١-ڕستەسـازی: بـریتییە لە پەیوەنـدی نێـوان هێمـایەک لەگەڵ هێمایەکی دیکە، لە چوارچێوەی ڕستەدا.
٢-سیمانتیکس: لێکۆڵینەوەیە لە پەیوەنـدی نێـوان هێما و هێمابۆکراو.
٣-پراگمـــاتیکس: پەیوەنـــدی نێـــوان هێمـــا و بەکارهێنەرەکەیەتی(٣ :Levinson: ١٩٩٧).
لەبەر ئەوەی زانستی پراگماتیک سنورێکی دیاریکراوی نییە و لە گۆشـەنیگای جیـاوازەوە سـەیر دەکرێـت، بـۆیە ژمـارەیەکی زۆر پێناسـە بـۆ پراگماتیـک کـراوە، هەروەکـو دەگوترێت پراگماتیک لێکۆڵینەوەی زمانە لەبەکارهێناندا، واتە مەبەسـتی قسـەکەر لەدەوروبەرێکـی دیاریکراودا(عومەر مەحمود: ٢٠١٢، ٨)، وەک:
ا.ڕاگر هاتووە؟
ب.هیچ مۆنیکایەک لەگەراج نییە.
لەم دەقەدا، (ب) بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بە (أ) دەڵێت، کە ڕاگر نەهاتووە، چونکە قسەکەر و گوێگر دەزانن، کە لە کۆلێژەکەیـان، تەنیـا ڕاگـر ئۆتۆمـۆبیلی مۆنیکـای هەیە، ئەویش لەگەراج نییە. ئەم واتایەش بەشێک نییە لەواتایی فەرهەنگی و ڕێزمانی وشەکان، بەڵکو واتاکە پەیوەستە بە دەوروبەری گوتنەکە و زانیاری هاوبەشی نێوان قسەکەر و گوێگرەوە.
یان پراگماتیک لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی ئەو بنەمایەیە، کە نـاوێزەیی و ناپەسـندییان پێـوە دیـارە(محمد معـروف: ٢٠١١، ١٨٨)، هەنـدێ گـوتن هەیە، کە دەخـرێتە ڕوو، لە ڕوی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و سینتاکسەوە کەموکوڕییان نییە، لەگەڵ ئەوەشـدا گـوتنێکی تەواو نـین، وەک: (تکایە چۆنیت؟) ، (برۆلام.) ، (وەرە ئەوێ.)،
هەروەهـا دەگوترێ پراگماتیک بریتییە لە پەیوەندی نێوان زمـــان و دەوروبەر، کە گـــرنگن بـــۆ تێگەیشـــتن، بە ڕەچـــاوکردنی ئەو دەوروبەرەی کە قسـەکەی تێـدا دەگوترێت(levinson: ١٩٩٧, ٢١).
هەروەهـا پراگماتیـک بە واتـایی ڕاڤەکـردن و لێکـدانەوە و شیکردنەوەی دەق و گوتار دێت، یان پراگماتیک بە واتای لێکـۆڵینەوەی کاریگەرییەکـانی دەوروبەرە لەسـەر دەق و گوتـار و واتاوە(سـەلام نـاوخۆش: ٢٠١٠، ٦١)، یـان (پراگماتیـک ئەو زانسـتەیە کە لە کـردەی قسـەیی و گریمـــانەی پێشـــینە و دەرکەوتە ئاخاوتنەکـــان و دەوروبەر"کات و شـوێن و دەوروبەری قسـەکردن و پـلەی کۆمەڵایەتی قسەکەر و گوێگر و زانیاری هاوبەش و زانیاری دنیاییـــان" لێکـــدەداتەوە)(محەمەد مەعـــروف: ٢٠١١، ١٩١)، ئەم پێناسـەیە زۆر بەوردی بوارەکـانی پراگماتیـک دیاریـدەکات، ئەم تـوێژینەوەی ئـێمەش لەسـەر بـواری کردەقسـەییەکان دەوەستێ وەک تیۆرێک بۆ شـیکردنەوەی واتای زمانی سەرو ڕستە.

٢/٢: دەق و شیکردنەوەی پراگماتیکی:
لەگەڵ سـەرهەڵدانی تـوێژینەوە پراگماتیکییەکـان، لێکـدانەوە و شـیکردنەوەی واتـای زمـانی بـو بە کـارێکی ئاسـان، چونکە زۆر گرفتی چارەسەر کرد، کە سیمانتیک نەیـدەتوانی چارەسـەریان بکـات، ڕەنـگە ئەم هۆکـارەش بـوبێتە هـۆی سـەرهەڵدانی پراگماتیک لە زمانـدا، هەروەکو (لیچ) ئاماژەی پێدەکات کە پراگماتیک لە ڕوانگەی نێرەر و وەرگرەوە چارەسەری هەندێ لەو کێشانە دەکات، چونکە

نێرەر باشترین ڕێگا هەڵدەبژێرێ بۆ بەرهەمهێنانی گوتارێک، تـا کـار لە وەرگـر بکـات، وەرگـریش لە بەرانـبەردا بەدوای ڕێگایەکـدا دەگەڕێ، تـا بگـاتە مەبەسـتەکانی نێرەر(دیـار عەلـــی: ٢٠٠٩، ٩)، لەم تـــوێژینەوەیەدا دەمانەوێـــت شیکردنەوەی گوتار لەسەر بابەت و بوارەکانی پڕاگماتیکی ئەنجامبدەین، واتە هەوڵدەدەین ئاماژە بە گرنگی و ئەرکی پڕاگماتیکی بدەین، چونکە ئەو ئەرکانە نمونەیەکی زیندون لە شـیکردنەوەی جـۆرە ئەدەبییەکانـدا، لەبەرئەوە ئـێمە چەنـد دەقێکـی شـیعریمان وەرگرتـووە وەکـو نمـونەیەکی شیکردنەوەی گوتاری تایبەت.

زانسـتی پڕاگماتیـک بـووە بە پڕۆژەیەکی گرنگ و ئاسـۆیەکی فراوانی لە زمانەوانی دەقدا داگیرکردووە، پڕاگماتیک وەک میتۆدێکی زمانەوانی ڕەخنەیی لەو دیاردە ئەدەبی و هونەری و کەلتورییـــانە دەکـــۆڵێتەوە کە دەکەونە ســـنور و چوارچێوەی شیکردنەوەی زانستی پڕاگماتیکی زمانییەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پڕاگماتیک لە هەمو ئەو دەق و گوتـــارە ئەدەبییـــانە دەکـــۆڵێتەوە، کە پەیوەســـتن بە دەوروبەر و سـیاقی پەیوەنـدیکردنەوە، هەروەهـا جەخـت لەسەر کردەقسەییەکان دەکات، بەجۆرێک کە پەیوەندی لـۆجیکی ئەو کـردە قسـەییانەی تێـدا بەرجەسـتە بکرێـت، واتە بـایەخ بە دەوروبەری هەمـو جـۆرە پەیوەنـدیکردن و ئاخاوتنێک دەدات، بە واتایەکی تر مەبەستی پڕاگماتیکی و ئەرکـی دەق و گوتارەکـان جـێگەی بـایەخی میتـۆدی پڕاگماتیکین(تاڵیب حوسێن: ٢٠١٩ ، ٥٤)، واتە پڕاگماتیک توانیویەتی بچێتە نێو ئەو دەقە ئەدەبی و خەیاڵئامێزانەی کە لە هـــــزر و ئەندێشـــــەی نوســـــەرەکانیانەوە بەرهەمـدەهێنرێن، بەمەش تیـۆری پڕاگماتیـک توانیـویەتی لەناو زمانەوانی دەقدا بابەتەکانی خۆی بەرجەستە بکات، کە لە ئێســـتادا وەکـــو بـــابەتێکی گرنگـــی ســـەردەمیانە ســـەیردەکرێت و بە "پڕاگمـــاتیکی ئەدەبـــی" ئامـــاژەی بـــۆ دەکرێـت، بابەتەکانیشـی بـۆ لێکـۆڵینەوە و شـیکردنەوەی دەقە ئەدەبییەکـــان تەرخانـــدەکرێت، بەم شـــێوەیە لێکۆڵینەوەکـانی زمـان لە بـارەی دەقـی ئەدەبیـیەوە لە ئاســـتەکانی سینتاکســـی و واتـــایی و فەرهەنگیـــیەوە گواسترایەوە بۆ ئاستی پڕاگماتیک(تاڵیب حوسێن: ٢٠١٩ ، ٦٣).

زمـانە نوێیەکان زیـاتر گرنگییـان بە کـردەی قسـەیی داوە، پانتـاییەکی فراوانی لە لێکۆڵینەوەکانیانـدا داگیرکـردووە، بە تایبەتی لە شیکردنەوەی دەقی هونەری و دەقی ئاساییدا، تا بتوانێـــت مەبەســـتی قســـەکەر بگەیەنێـــت، واتە لە شـــیکردنەوەی دەق و گوتـــاردا زۆر جەخـــت لەســـەر کردەقسـەییەکان دەکرێت وەکـو دیـاردەیەکی پڕاگمـاتیکی، ئەو بوارانەشـی کە شـیکردنەوەی پڕاگمـاتیکی بایەخیـان پێـدەدات، بـریتین لە بـاری سیاسـی ، ڕیکلام ، پڕوپاگەنـدە، شیعر و ئەدەب، چیرۆکی زۆر کورت، گوتار ، ئاشکراکردنی تـــاوان ، چارەســـەری دەرونـــی ، نـــوکتە ، مانشـــێتی ڕۆژنـامەوانی، لەم تـوێژینەوەیەدا شـیکاری دەقی شـیعری دەکەین بە پێی تیۆری کردەقسەییەکان، کە بوارێکی گرنگی زمانەوانی پڕاگماتیکییە.

٣/٢: کردە قسەییەکان (speech acts):

پـێش سـەرهەڵدانی زانسـتی پڕاگماتیـک و تیـۆری کـردە قســەییەکان، قســەکردنیان وەکــو کــار ئەنجامـــدان نەدەبینـــی، بەڵام لەگەڵ ســـەرهەڵدانی بۆچونەکـــانی زمـــانەوانی ئینگلیـزی (ئۆســتن) ئەم بۆچـــونەی پێشـــوتر ئـاوەژوبۆوە و ئۆسـتن قسـەکردنی بە ئەنجامـدانی کارێـک دادەنـا، ئەوەبـو تیـۆری کـردە قسـەییەکان سـەرەتا لە شـــێوەی پرســـیارێک، لە مێشـــکی زمانـــەوانی ئینگلیـــزی ئۆسـتندا، گەڵاڵەبـو، پرسـیارەکەش بریتـی بـو، لە (چـۆن بەقســـە، کــردار ئەنجامبـــدەین؟). دواتـــر ئەم بیـــرۆکەیە لەســـاڵی (١٩٥٨)دا، بـــۆ یەکەمجـــار لە کـــۆنگرەیەکی زمانەوانیـــدا، کە لە شـــاری (ڕۆیەمۆنـــت)ی فەرەنســـیدا بەسترابو، باسکرا، پاش مردنی ئۆستنیش ئەم بیرۆکەیە لە ســاڵی (١٩٦٢) لە شــێوەی پەرتوکێـک بڵاوکـرایەوە(قیس کاکل: ١٩٩٥، ٣٨)، دواتـریش زانـا (سێرڵ) ڕۆڵی هەبـووە لە پەرەپێدانی ئەم بوارەی پڕاگماتیکدا.

تیـۆری کـردە قسـەییەکان بە دو بنەمـاوە بەسـتراونەتەوە: (یەکەم هەمـو گوتنێـک بـۆ ئەنجامـدانی نیـاز و مەبەسـتی قسـەکەرە. دووەم وەسـفی بـارودۆخ، یەکێکە لە ئەرکەکانی گوتن، بەڵام تـاکە ئەرک نییە)(محەمەد مەعـروف: ٢٠١١ ، ٢٠٧)ئۆستن پێی وابـو کەوا کردەی قسـەیی ئاماژەکردنە بۆ ئەنجامدانی کارێک و تێبینی ئەوەی کرد، کە زمان تەنها بۆ هەواڵگەیانـــدن و پرســـیارکردن نیـــیە، بەڵکـــو بـــۆ

بەئەنجامگەیاندنی کارەکان بەکاردێت (Austin: ١٩٦٢, ٤)، هەروەهـا بە بۆچـونی ئۆسـتن، ئـێمە لە واتـایی کردارێـک نـاگەین، هەتـا ئەو کـردەیە، بەشـێوەی کـردەوەیەک نەبینین، بـۆ نمـونە ئەگەر سـەیری ڕسـتەیەکی وەک ئەمەی خوارەوە بکەین:

سوپاست دەکەم، فریامکەوتی.

دەبینـین، لەم ڕسـتەیە دا لەپـاڵ گەیانـدنی هـەواڵێك کـرداریَکیش ئەنجامـدراوە، چـونکە ڕسـتەکە سوپاسـگوزارییە، لەهەمـان کاتیشـدا، ئەنجامـدانی کـردارەکەش لەگەڵیـدایە، واتە گـوتنەکە و کـارەکە بەیەکەوە ئەنجامـدراوە، ئەم ڕسـتەیە بەپێـی دەوروبەری جیـاوازەوە، چەنـد واتـایەک دەگەیەنێـت بـۆ نمـونە ئەگەر خوێندکارێک بە خوێندکارێکی تر بڵێت، ئەوا ئەو واتایانە دەگەیەنێـت(١- یارمەتیـدراوە لە تـاقیکردنەوە، ٢- یارمەتیداوە لەتێگەیشتنی بابەتێك، ٣- ڕاستییەکی زانیوە، بەڵام بە مامۆسـتا یـان بە بـاوکی نەوتـووە)(دارا حەمیـد: ٢٠١٢، ٥٣).

بەپێی تیـۆری کردەقسـەییەکان دو جـۆر واتـا لە ئاخاوتنـدا هەیە:

١ــ واتـایی ئاشـکرا و ڕون: ئەو واتـایەیە کە لە کەرەسـە پێکهێنەرەکانی گوتنەکەوە (واتای سیمانتیکی و سینتاکسی) تێبینی دەکرێت، پێویست بەگەڕانەوە بۆ دەوروبەر ناکات، وەک:

بڕیارمدا، منداڵەکەم ناو بنێم ئارا.

٢ــ واتـایی شـاراوە: بـریتییە لەو جـۆرە واتـایەی ڕسـتە و دەربڕینەکـان، کە دەوروبەر و بـارودۆخی گـوتن، ڕۆڵـی سـەرەکییان لە فەراهەمبونیـدا هەیە، واتـایی گـوتن بەپێی دەوروبەر و بـارودۆخی گـوتنەوە، دەشـێ بـۆ واتـایی (پرسـیارکردن، سەرسـوڕمان، ئاگـادارکردنەوە، نـاڕەزایی ، ....) بەکاربێت، وەک:

دەزانی بانگی ئێوارە زۆری نەماوە.

ئۆسـتن لە ئەنجـامی شـیکردنەوەی واتـا و مەبەسـتە دەربڕاوەکاندا دو جۆر کرداری جیاکردۆتەوە:

١-کـردەی بەجێهێنـان (کـردەی قسـەیی ئاشکرا)(Performative):

ئەو کردانە دەگرێتەوە، کە لە بەکارهێنانیاندا گوتنەکە کردەوەیەکی تێدا ئەنجامبدرێت،لە زمانی کوردیدا هەندێ زاراوە و دەربڕین هەیە، کە ئاماژە بۆ کردەی بەجێهێنان(ڕاپەڕاندن) دەکات، وەک: (بڕیاردەدەم، سوێنددەخۆم، پەیماندەدەم، بەڵێندەدەم)، جگە لەم دەربڕینانە، ئەرکێکی سەرەکی هەیە، کە قسەکەر ئەنجامی دەدات، واتە پێکهاتەی ڕستەی بەجێهێنان سنورداركراوە(نەزیرە سابیر: ٢٠١٨، ٤٤)، واتە هەموو ئەو جۆرە گوتن و دەربڕینانە دەگرێتەوە، کە کردارەکانیان واتای ئەنجامدان و ڕاپەڕاندنی کارێک دەگەیەنن، واتە خودی گوتنەکە ئەنجامدانی کارێک دەبێت(دارا حەمید: ٢٠١٢، ٦٧).

وەک: (بەڵێنـدەدەم هاوکاریـت بکەم.) ئەم ڕستەیە جگە لە گەیانـدنی هەواڵێـک کارێکیش ئەنجـام دەدات، ئەم جـۆرە کـردەیە چەنـد تایبەتمەنـدییەکی لە شـێوە و پێکهـاتەی ڕسـتەکاندا هەیە، ئەویـش ئەوەیە کە دەبێـت کردەیەکـی بەجێهێنان(ڕاپەڕاندن)ی تێدابێت، دەبێت قسـەکەر کەسـی یەکەم تـاک یـان کـۆ بێـت و کـردەی قسـەییەکە لە کـاتی ئێستادا بێت، لە کاتی ڕانەبردودا، ئەم جۆرە کردەیە ڕاستی و ناڕاستی هەڵناگرێت، چونکە ڕستەکانیان وەسفی نین و تەنها نرخیـان بـۆ دادەنرێـت، واتـا ڕسـتەکە بەجێیە یـان نابەجێیە(محەمەد مەعروف: ٢٠١١، ٢٠٩ - ٢١٠).

٢-کردەی بەجێنەهێنان(کردەی قسەیی نائاشکرا)(Constative):

ئەو کـردە قسـەییانەن، کە بە نەهـاتنە ئـارای مەرجێکـی کـردەی قسـەیی بەجێهێنان(ڕاپەڕانـدن) دروسـتدەبن، هەروەها لە کردەی قسەیی بەجێنەهێنان(ڕانەپەڕاندن)دا، قسـەکەر ڕاسـتەوخۆ کردەکە ئەنجامنـادات، بەڵکو دواتـر کارەکە ئەنجامدەدات(دارا حەمید: ٢٠١٢، ٦٧ - ٦٨)، واتە ئەو جۆرە کردەیە بریتییە لەوەی کە کردەیەکی دیاریکراو لە لایەن قسـەکەرەکە خـۆیەوە جێبەجێـدەکرێت، ئەگەر یەکێـک لە مەرجەکـانی کـردەی بەجێهێنـانی تێـدا نەبێـت، دەبێت بە کردەی بەجێنەهێنان (نەزیرە سابیر: ٢٠١٨، ٤٤ - ٤٥)، وەک: (کـوڕەکە هاوکاریـت دەکـات.) لەم ڕسـتەیەدا بکەر بریتی نییە لە کەسی یەکەم، بەڵکو کەسی سێیەمە، ئەمە ئەوە دەردەخـات کەوا ڕسـتەیەکی بەجێنەهێنـانە، هەمـو کـارێکی ڕاپەڕانـدن دەبێـتە کـارێکی ناڕاپەڕانـدن هەر

کاتێک بکەری کارەکە یان کاتەکەی بگۆڕێت(قەیس کاکل: ١٩٩٥، ٤٦)، لەم جۆرە کردەیەدا شێوە و پێکهاتەی ڕستە بەجۆرێکە کەوا کاری ڕاپەڕانـدنی تێـدانییە و مەرج نیـیە بکەرەکەی کەسی یەکەمی تاک و کۆ بێ و کاتەکەش ئێستا بێت، هەروەها ڕستەکان دەشێ ڕاست و ناڕاست یان بەجێ و نابەجێ بن(محەمەد مەعروف: ٢٠١١، ٢١٠).

لە کردەی بەجێهێناندا پێکهاتەی ڕستە و جۆری ڕستەکە ڕۆڵ دەبینێت لە دیاریکردنی جۆری کارەکە، بۆ ئەم مەبەستەش (ئۆستن) دو جۆر کردەی بەجێهێنانی جیاکردۆتەوە:

١-بەجێهێنانی ڕاستەوخۆ(کردەی قسەیی ڕاستەوخۆ):

هەروەکو گوتمان پێکهاتە و بونیادی ڕستە بڕیار لەسەر دابەشکردنی کردە قسەییەکان دەدات، کە جیاوازی لە نێوان جۆرەکانی کردەی گوتندا دەکات، (کردەی قسەیی ڕاستەوخۆ هەمو ئەو گوتنانە دەگرێتەوە کە کاری ڕاپەڕاندنیان تێدایە وەک پیرۆزبایی و سوێندخواردن و نەفرەتکردن و ...هتد، جگە لەمە دەبێ بکەر کەسی یەکەم بێ و کاتەکەشی ئێستا بێت)(قەیس کاکل : ١٩٩٥ : ٤٧).

لەم جۆرەیاندا ڕستەکان لە جۆری هەواڵ و داواکردن و پرسیارین، هەروەها ڕێکەوتن لەنێوان جۆری ڕستەکە و جۆری کردەی قسەییەکە(مەبەستەکە)دا هەیە، بۆ نمونە کاتێک باوکێک داوا لە کوڕەکەی دەکات، کە (کورسییەکەی بۆ بهێنیت)، بەم شێوەیە ئاماژە بە مەبەستەکەی دەکات.

کورسییەکەم بۆ بهێنە. (مەبەستی قسەکەر داواکردنە و جۆری ڕستەکەش داواکردنە)

کتێبەکەم نادەیتێ؟ (مەبەستی قسەکەر پرسیارکردنە و جۆری ڕستەکەش پرسیارە)

٢-بەجێهێنانی ناڕاستەوخۆ(کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ):

لەم جۆرەیاندا مەبەستی قسەکەر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەگاتە گوێگر و جیاوازییەک لەنێوان جۆری ڕستەکە و جۆری کردە قسەییەکە(مەبەستەکە)دا هەیە(محەمەد مەعروف: ٢٠١١، ٢١١)، واتە ئەم کردەیە کردەیەکی ناڕاستەوخۆیە و لە پارچەکانی ڕستەکەدا بەرچاوناکەوێت،گوێگر بەپێی ئەو بارودۆخەی کە قسەکەی تێدا دەردەبڕێت وەرگری مەبەستی قسەکەرە، وەک:

چایەکە ساردبۆوە. (ئاگادارکردنەوە)

ئەم گوتنە ئاگادارکردنەوە ئەنجام دەدات، بەڵام کاری (ئاگادارکردنەوە) لە ناو ڕستەکەدا نییە و هێزێکی ڕەوانبێژی دەچێتە پاڵ ڕستەکە، کە واتای قسەکەر دەگەیەنێت، کە هونەری (پلار ، خوازە ، تێلنیشان ، درکە) بەکاردەهێنێت، ئەم جۆرە کردە و گوتنە لە زۆربەی زمانەکاندا دەبینرێت(قەیس کاکل : ١٩٩٥ : ٤٨ - ٥٠)، وەک: (زو نییە؟) جۆری ڕستەکە پرسیارکردنە ، جۆری کردە قسەییەکە و مەبەستی قسەکەر پلارە و ئاراستەی گوێگری دەکات، لەوەی کەوا درەنگ کەوتووە.

١/٣/٢: قۆناغەکانی کردەی قسەیی:

ئۆستن پێی وایە قسەکەر لە دواندندا سێ کردە ئەنجامدەدات، واتە بەجێهێنانی هەر کردەیەکی قسەیی بە چەند قۆناغێک تێدەپەڕێت، کاتێک پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و ڕوبەڕو لەنێوان قسەکەر و گوێگردا هەبێت، ئەم قۆناغانەش ئەمانەن:

١-کردەی گوتن (Locutionary act) :

کردەی دەرهێنانی ڕستەیە بە واتا و و ئاماژەوە(محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١١، ٢٠٨)، واتە کردەی گۆکردن دەگرێتەوە کە لێکدانی وشەکانە بەشێوەیەکی ڕێزمانی و دیاریکردنی هاوبەشەکانە(عەبدولواحید مشیر: ٢٠١١، ٥٤)، لەم قۆناغەدا قسەکەر کردەوەکە ئەنجام دەدات کە قسەکردنەکەیە، کە مەرجە و دەبێت قسەکەر و گوێگر بەیەک زمان قسەبکەن، یان ئەو زمانەی قسەکەر بەکاریدەهێنێت لانی کەم گوێگر تێبگات(قەیس کاکل: ١٩٩٥: ٥١ - ٥٢)، کەواتە دەکرێ بگوترێ ئەم کردەیە بەشێکی بنەڕەتییە و لەو فۆڕمەی کە لە وشەکان دەستدەکەوێت واتایەکی زمانەوانی وەسفی بەرهەمدەهێنێت.

ئەم کردەیە دەتوانرێت بۆ سێ بەش دابەش بکرێت:

آ- کردەی دەنگی: درکاندنی ڕیزە دەنگێکی یەک لەدوای یەک لە زمانێکی دیاریکراودا.

ب- کردەی لێکدان: ئەو بەرهەمە دەنگییە دەگرێتەوە، کە لە ئەنجامی لێکدانی دەنگەکان، چەند یەکەیەکی واتادار دروستدەبێت، بەپێی سیستەمی وشەسازی زمانەکە.

پ- کردەی واتایی: مەبەست لە بەکارهێنانی ئەو یەکە واتادارەیە، کە ڕێکخراوە و لێکدراوە، بەپێی واتا و ئەو دەوروبەرەی کە تێیدا دەرکەوتووە(نەزیرە سابیر مستەفا، ٢٠١٨، ٤٧-٤٨).

- حاجی قادر لە گوندی گۆڕقەرەج لەدایکبووە.

ئەگەر بەپێی ئەم سێ ئاستە شیکردنەوە بۆ ئەم ڕستەیە بکەین دەبینین، هەریەک لە وشەکانی (حاجی قادر ، گوند ، گۆڕقەرەج ، لەدایکبووە) لە چەند ڕیزە دەنگێک پێکهاتون، بەپێی یاسای لێکدانی فۆنیمەکان لە زمانی کوردیدا ڕیزکراون، هەریەکە لە وشەکانی (حاجی قادر ، گۆڕقەرەج) ناوی تایبەتین و (گوند) ناوی گشتییە، (لەدایکبووە) کردارە.

ئەگەر کەسێکی بیانی ئەم ڕستەیەی سەرەوە ببیستێت، ڕەنگە هیچ زانیارییەک بەدی نەکات و تێی نەگات، بۆیە دەبێت کەسی گوێگریش زانیاری لەسەر کەلتور و کەسایەتییە دیارەکان و سیستەمی زمانی ئەو زمانە هەبێت، کە قسەکەر پێی دەدوێت.

٢- کردەی مەبەست (ILLocutionary act):

ئەم قۆناغە دیاریکردنی جۆری کردەکەیە و ئەو مەبەستەیە کە قسەکەر و دەقی گوتنەکە دەیەوێت بیگەیەنێت بە گوێگر، جا (هەڕەشە، ترساندن، ڕاگەیاندن، تۆقاندن، پۆزشهێنانەوە، پەشیمانی یان گەڕانەوە بێت، مەبەستەکەش لەژێر دەسەڵاتی قسەکەردایە)(جۆرج یوڵ: ٢٠١٦، ٨٥)، واتە کردەی دەربڕین جگە لە واتا بنەڕەتییەکەی واتایەکی تر دەگەیەنێت، (ئەم کردەیە دەربڕینی قسە و کاردانەوەی ئەم دەربڕینەیە لای گوێگر، ئەم کردەیە دەچێتە دەرەوەی پشکنینی واتا و زمان، چونکە مامەڵە لەگەڵ هۆ و ئەنجام دەکرێت، واتە ئەم وشە و دەربڕینانە تا چەند کاریان لە گوێگر کردووە بەرامبەر بە قسەکەر، ئەمە زیاتر پەیوەندی بە کاردانەوەی گوێگرەوە هەیە)(نەزیرە سابیر مستەفا، ٢٠١٨، ٤٨)، نمونە:

دەمانچەکە لەسەر پێیە. (واتا بنەڕەتییەکەی هەواڵگەیاندنە، بەڵام مەبەستی قسەکەر و جۆری کردەکە هەڕەشە و ترساندنە)

٣- کردەی پاشکاری (Perlocutionary act):

مەبەست لەم کردەیە، ئەو کاریگەرییەیە کە لە ئەنجامی ڕاپەڕاندنی کارەکە دروست دەبێت لە لایەن گوێگرەوە، وەک(توڕەبون، خۆشحاڵی، بێزاربون...هتد) ئەم قۆناغە لەژێر دەسەڵاتی قسەکەردا نییە و تایبەتە بە گوێگر، لەم کردەیەدا ئاماژە بە مەبەستی قسەکەر و کاردانەوەی لەسەر گوێگر دەکرێت، ئەم هەڵوێستە دەچێتە دوای قسەکردنەوە، واتای سەرزاری ڕستەکان وەسفین، بەڵام دەوروبەر واتای جیاوازیان پێدەبەخشێت(نەزیرە سابیر مستەفا، ٢٠١٨، ٤٨)، وەک:

- ئەم مارە بکوژە. (ئەم گوتنە بۆ ئاگادارکردنەوەی گوێگرە، لە ئەنجامدا گوێگر مارەکە بکوژێت، بەڵام گوێگر لەوانەیە بترسێت و ڕابکات.)

٢/٣/٢: پۆلێنکردنی کردە قسەییەکان:

کردە قسەییە ڕاستەوخۆکان لە لایەن هەریەک لە (ئۆستن و سێریڵ)ەوە پۆلێنکراون، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١-کردەی بڕیاردان(Directives):

هەمو ئەم کردانە دەگرێتەوە کە پەیوەندییان بە توانا و لێهاتوی و شارەزایی قسەکەرەوە هەیە، وەک (بڕیاردانی یاسایی، پایەبەخشین، دانپیانان، هەڵسەنگاندن، هەڵبژاردن...هتد)(قەیس کاکل: ١٩٩٥: ٥٣ - ٥٤)، وەک:

بڕیارمدا لەگەڵ تۆ بژیم.

ئەگەر سەیری ئەم ڕستەیە بکەین، جۆرێک لە کردەی بڕیاردان دەبینرێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت تێبینی ئەوە بکرێت کەوا کەسی قسەکەر ئەو دەسەڵاتەی هەیە بڕیاربدات و دەبێت خاوەن بڕیار بێت، چونکە ئەگەر کەسی قسەکەر ئەو دەسەڵاتەی نەبێت، گومان لە بەجێهێنانی کارەکە دەکرێت، چونکە بەجێهێنانی کردارەکە لە توانای ئەو کەسەدا نییە، واتە قسەکەر کاتێک کەسی جێبەجێکارە کە خاوەن بڕیار بێت، چونکە ڕاستگۆیی لە بڕیارداندا مەرجی ئەنجامدانی کارەکەیە.

٢- کردەی بەڵێندان (پەیوەستبون)(Commissives):

ئەو کردانە دەگرێتەوە کە قسەکەر بەڵێنێکی ڕەفتاری دیاریکراو بدات، واتە قسەکەر بۆ چالاکییەک خۆی ئامادەدەکات، کە لە ئایندەدا ئەنجامی دەدات و مەبەستی سەرەکییەتی و پەیوەستدەبێت بە کارەکەوە، وەک: (بەڵێن، سوێند، پابەندبون بە شتێک، هەڕەشەکردن...هتد)(Yule: ١٩٩٦, ٥٤).

نمونە:

من پەیمانت پێ دەدەم، کە پارەکەت بدەمەوە.

ئەم جۆرە کردەیە پێکهاتەیەکی دیاریکراوی هەیە، بریتییە لە:

(من + کار + گ. بەند + بکەر + ک. بەند)(قەیس کاکل: ١٩٩٥: ٥٨).

واتە ئەمە ڕستیەکی ئاڵۆزە، شارستەکە بەشێکی کردەی بەڵێندانەکەیە، بە کاری ڕانەبردو گوزارشتی لێکراوە، چونکە ئەم کردەیە دوای قسەکردن ئەنجامدەدرێت، ئەم کردەیە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە قسەکەر و گوێگرەوە هەیە و مەرجی دڵسۆزی و ڕاستگۆیی بەشێکی گرنگە بۆ بەجێگەیاندنی کردەکە، کاریگەری بەڵێندانی قسەکەر بۆ گوێگر هۆکارێکە بۆ ئەوەی، ئەو بڕوایەی لا دروستبێت، کە قسەکەر هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی کارەکە(نەزیرە سابیر مستەفا، ٢٠١٨، ٤٦ - ٤٧).

٣- کردەی داخوازی (Exercitives):

هەمو ئەو کارانە دەگرێتەوە کە هێز و وزەی تێدا بەکاردێت، زۆرجار کەسی قسەکەر لە ڕوی تەمەن و دەسەڵاتەوە لە سەروی گوێگرەوەیە، ئەو کارانەی کە لەم جۆرە کردەیەدا بەکاردێت، ئەوانەن کە واتای (فەرماندان و ئامۆژگاری و ئاگادارکردنەوە و داواکردن...هتد) دەگەیەنێت(قەیس کاکل: ١٩٩٥: ٥٤)، وەک:

- فەرمانت پێ دەدەم کە نەڕۆیت بۆ مەلەوانی.
- ئاگادارت دەکەمەوە کە ئۆتۆمبێلەکە خێرا لێنەخوڕیت.

کردەی ئەم جۆرە ڕستانە لە شێوەی فەرمان ئاراستەی گوێگر دەکرێت، چونکە کەسی قسەکەر لە ڕوی دەسەڵاتەوە لە سەروی گوێگرەوەیە.

٤- کردەی ڕەفتار (ڕەوشت)(Behabitive):

همو ئەو کردانە دەگرێتەوە کە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکاردەهێنرێن و ئەنجامدەدرێن، ڕەفتارە کۆمەڵایەتیەکان دەنوێنن(قەیس کاکل: ١٩٩٥، ٥٥)، واتە قسەکەر هەڵوێستی خۆی دەردەبڕێت بەرامبەر ڕەفتاری کەسانی تر، ئەم جۆرە دەربڕینانە هەستەکانی قسەکەر پیشاندەدەن، وەک: (سوپاسگوازاری، پیرۆزبایی، ڕقلێبونەوە، حەزکردن، پۆزشهێنانەوە...هتد)

- سوپاسی هاوکریکردنت دەکەم.
- خۆشحاڵم بە ناسینت.
- پیرۆزبایی دەرچونت لێدەکەم.

٥- کردەی گفتوگۆ(هەستدەربڕین)(Expressives):

کردەی گفتوگۆ دەربڕینی هەڵوێستێک یان هەستێک یان بارێکی دەرونییە لە لایەن قسەکەرەوە و هەمو ئەو جۆرە کردانە دەگرێتەوە کە قسەکەر لە کاتی گفتوگۆدا بەکاریاندەهێنێت بۆ ڕونکردنەوەی باری دەربڕینەکە و مەبەستی قسەکەر، هەروەها مەرجی دڵسۆزی یەکێکە لە مەبەستەکانی بەکارهێنانی ئەم جۆرە کردەیە(قەیس کاکل: ١٩٩٥، ٥٦ - ٥٩)، وەک: (سوربون، پشتگیریکردن، پێشنیاز، پێداگرتن، ڕازیبون)، بۆ نمونە:

- دەڵێم وام نەوتووە.
- پشتگیری قسەکانت دەکەم.

٤/٢: پەیوەندی کردەی قسەیی بە ئەدەبەوە:

دەکرێ بگوترێ کردەیی قسەیی بەکارهێنانی زمان دەکاتە چەقی گرینگپێدان، کە پێشتر وەکو شتێکی پەراوێزی سەیری دەکرا- بەکارهێنانی چالاک و جیهان خوڵقێنی زمان، کە لە زمانی ئەدەبی دەچێت و یارمەتیمان دەدات تاوەکو ئەدەب وەکو کارێک یا ڕوداوێک هەستپێبکەین، هەروەها کردەی قسەیی بە ڕێگەیەکی دیکەش لەگەڵ ئەدەب پەیوەست دەبێت، لایەنی کەم لە ڕوی بنەماوە کردەی قسەیی پەیوەندی نێوان واتا و مەبەستی قسەکەر دەپچڕێنێت، چونکە ئەوە مەبەستی ئێمە نییە، کە ئەوە دیاریدەکات، کە بە وشەکانمان چ کارێک ئەنجام دەدەین، بەڵکو ڕێکەوتنە کۆمەڵایەتی و زمانییەکان لەم نێوانەدا دەستنیشانکەرن، گوتنە ئەدەبییەکانیش ڕوداوێکن کە تیایاندا مەبەستی نوسەر بە دیاریکەری واتاکانیان هەژمار

ناكرێت، وا دەردەكەوێت شێوازی كردەی قسەیی پەیوەندییەكی توندوتۆڵی هەیە لەگەڵ ئەدەبدا، واتا ئەگەر گوتنێكی ئەدەبی كردارێكە و ئەگەری كردەیەكی قسەیی ڕاست یان هەڵە نییە، بەڵكو بەجێ یا نابەجێیە، بەكورتی بیرۆكەی ئەدەب وەكو كردەیەكی قسەیی ئەوەمان بەسەردا دەسەپێنێت، كە بیرمان بەكاربهێنین لەو كێشە ئاڵۆزەی سەبارەت بەوەی كە مەبەستمان چییە لەوەی كە بەدوابیەكداهاتنێكی ئەدەبی سەركەوتووە، واتا ئەم بەدوابیەكداهاتنە ئەدەبییە چ كارێك ئەنجام دەدات تا سەركەوتن و كاریگەری بنوێنێت(جۆناسان كالەر: ٢٠٢٠، ٢١٨ - ٢٢١).

پراگماتیک لێكۆڵینەوە لە كردە قسەییەكان دەكات، كە لە لایەن ئۆستن و سیریل ئاماژەی پێكراوە، ئەم تیۆرانەش بەشێكیان پەیوەستن بە شێوازی قسەكردنەوە، ئەوەی شێواز و ئەدەبییەت دروستدەكات زمانە، ڕەوانبێژی بەشێكی گرینگی هونەری ئاخاوتنە، بە ڕەچاوكردنی لایەنی دەرونی باری ئاخاوتن، هۆكارێكە بۆ گوزارشتكردن لە واتایەكی كاریگەر، لە ڕێگەی ئەو توانایەی كە قسەكەر هەیەتی بۆ هەڵبژاردنی وشە و گوزارشتكردنی واتا، هەروەها هەمو كردەیەكی قسەیی بەجێهێنانێكی خودییە بۆ تەنها بەرهەمێكی قسەیی، لەو كاتەدا بەهای كاریگەرییەكە تایبەت دەبێت بە هەڵوێستی بەرجەستەیی كردەیی بەجێهێنانەكە، هەروەها لایەنی ئەدەبی كە كردەی بەجێهێنانی زمانە، دەگۆڕێت بۆ ئەركی شیعریی، واتە كردەیەكی دروستكەرە بۆ بابەتێكی زمانی، كە سەرچاوەكەی هەمان شتە، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی نێوان پراگماتیک و ئەدەب، جاكۆبسن چەند ئەركێكی بۆ شیعرییەتی زمان دیاریكردووە، ناردنی پەیام یەكێكە لەو ئەركانەی كە پێویستی بە (پەیامنێر و پەیاموەرگر و ناوەندی گەیاندن و كۆد ...هتد) هەیە، بە هەمان شێوە پراگماتیک لە كاتی لێكۆڵینەوە پشت بە هەمو ئەم لایەنانە دەبەستێت بۆ دەستكەوتنی واتای مەبەست (نەزیرە سابیر مستەفا: ٢٠١٨، ١٢٢ - ١٢٣).

هەروەها لێكۆڵینەوە لە دەق تەنها بۆ زانینی شێوە و ناوەڕۆكی نییە، بەڵكو بۆ ئەوەیە بزانرێت ئامانج لەم دەقە چییە، دەوروبەری پراگماتیكی پشت بە لێكدانەوەی دەق دەبەستێت وەک كردەیەكی زمانی وەک بەڵێندان و هەڕەشە و جەختكردن و ...هتد، ئەركی پراگماتیكی لەم نێوەندەدا مەرجەكان دیاریدەكات بۆ هەر كردەیەكی زمانی تاوەكو گونجاو بێت لەگەڵ دەوروبەردا(فان دایک ، ١٩٩٧، ٦٦).

**بەشی سێیەم:**

شیكردنەوەی پراگماتیكی چەند دەقێكی شیعری "فەرەیدون عەبدول بەرزنجی "[١] بە پێی تیۆری كردەقسەییەكان:

لەم بەشەدا شیكردنەوە بۆ چەند شیعرێكی شاعیر كراوە بەپێی ڕێبازی وەسفی شیكاری كە وەكو ڕێباز و بابەتێكی گرنگ و پێویست لە ئاست و بوارە جیاجیاكانی لێكۆڵینەوەی زمانی و ئەدەبیدا بەرجەستە دەكرێت. هەروەها هەوڵدراوە لە ڕێگەی بابەتەكانی پەیوەست بە شیكردنەوە و لێكدانەوەی پراگماتیكی چەند گوتارێكی تایبەت بە بەرهەمی ئەدەبی ، پەردە لەسەر ئەو دەقە زمانییانە هەڵبدەینەوە.

ئەم دەقە شیعرییانە وەكو نمونەی دەقێكی زمانی دیاریكراون و بەپێی تیۆری كردەقسەییەكان لێكدانەوە و شیكردنەوەیان بۆ كراوە، هەروەها لە دوتوێی سەرجەم شیعرەكانی شاعیردا چەند پارچە شیعرێک وەرگیراوە و

[١] - فەرەیدون عەبدول بەرزنجی لە ساڵی (١٩٥٧) هاتۆتە دنیاوە، پۆلی یەكەمی سەرەتایی لە بەرزنجە و قۆناغەكانی تری خوێندنی لە سلێمانی تەواو كردووە، لە ساڵی (١٩٨٧) بە پلەی یەكەم بەكالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی كوردیدا لە كۆلێژی ئادابی زانكۆی سلێمانی تەواو كردووە، لە ساڵی (١٩٨٨)دا پڕوانامەی ماجستێری لە زارەكانی زمانی كوردیدا لە كۆلێژی ئادابی زانكۆی سەلاحەدین وەرگرتووە، لە ساڵی (١٩٩٨)دا پڕوانامەی دكتۆرای لە زارەكانی زمانی كوردیدا لە كۆلێژی ئادابی زانكۆی سەلاحەدین وەرگرتووە، لە ساڵی (٢٠١٢)ەوە پلەی پرۆفیسۆری وەرگرتووە، سێ نامیلكەی شیعری لە ساڵەكانی ١٩٧٧(نیگای حەزێكی ئاوارە)، ١٩٨٣ (ڕۆژان ئەڕوا و تۆ هەر خۆشەویستی منی)، ١٩٩٨ (كە بیر لە تۆ ئەكەمەوە) بڵاوكردۆتەوە، لە ساڵی ٢٠٠٤ دا پەرتوكێكی تری بە ناوی (بەرگی یەكەمی دیوانی فەرەیدون عەبدول بەرزنجی) بڵاوكردۆتەوە، لە ساڵی ٢٠١٨ دا كۆی ئەو شیعرە چاپكراوانەی تا ١٩٩٨ لەگەڵ ئەو هۆنراوانەی تا ٢٠١٧ هەبون لە كۆی دیوانی (دیوانی فەرەیدون عەبدول بەرزنجی)دا بڵاوكردۆتەوە، ناوبوبراو لە ئێستادا مامۆستایە لە زانكۆی سلێمانی بە ناونیشانی پرۆفیسۆر.

شیکراوەتەوە و ئەو کردەقسەییانەی کە لەناو شیعرەکاندا بونی هەیە دیاریکراون.

کە نات بینم
بەخیلی بەو بایە ئەبەم
ئێواران لە پرچت ئەدا
خۆ هیچ نەبێ
جاروبارێ
کەمێ بۆنی پرچت ئەکا (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی: ٢٠١٨، ١٩).

ئەگەر سەیری ئەم دەقە شیعرییە بکەین، دەبینین لە شێوەی هەواڵگەیاندندایە، بەڵام لە ڕوی کردەی قسەییەوە مەبەستی تر دەدات بەدەستەوە، لێرەدا مەبەستی شاعیر ئەوەیە کە (یار)ەکەی نابینێت، لە هەمان کاتدا کە یارەکەشی نابینێت، بەخیلی بە (با) دەبات کە لە پرچی یار دەدات و بۆنی پرچی دەکات، واتا ئەم پارچە شیعرە لە ڕوی واتاوە کردەی (حەزلێبوون و تورەبوون و نیگەرانبوون و گلەیی کردن)دەگەیەنێت، کە ئەم کردانەش لە شێوەی کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ(بەجێهێنانی ناڕاستەوخۆ) دەردەبڕدرێن، لەم جۆرەیاندا مەبەستی قسەکەر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەگاتە گوێگر و جیاوازییەک لەنێوان جۆری ڕستەکە و جۆری کردە قسەییەکە(مەبەستەکە)دا هەیە، هێزێکی ڕەوانبێژی دەچێتە پاڵ ڕستەکە، کە واتای قسەکەر دەگەیەنێت.

من ئەزانم
لەوە زیاتر تۆم خۆش بوێ
خوێنم ئەکرێتە کاسەوە
نە ئێزگەیەک باسم ئەکا
نە هەواڵی کوشتنیشم
ئەخرێتە دەنگ و باسەوە (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی: ٢٠١٨، ٥٤).

ئەگەر سەیری ئەم دەقە شیعرییە بکەین، دەبینین لە شێوەی هەواڵگەیاندندایە، بەڵام لە ڕوی کردەی قسەییەوە مەبەستی تر دەدات بەدەستەوە، لێرەدا شاعیر لەم پارچە شیعرەدا، خۆشەویستی خۆی بەرانبەر نیشتمانەکەی دەردەبڕێت کە (کوردستان)ە، پێی دەڵێت: وەکو ڕاستییەک ئەوە دەزانم خۆشەویستی زیاتری تۆ دەمخاتە بەر مەترسی ئەوەی کە "خوێنم بکرێتە کاسەوە"، واتە دەکوژرێم و کەسیش هەواڵی کوشتنم باس ناکات. واتە: هەر کەسێک لەپێناو کوردستاندا بکوژرێت، ئەم پارچە شیعرە لە ڕوی واتاوە کردەی (پێشنیاز، ترسان، گومان، داکۆکیکردن)دەگەیەنێت، کە ئەم کردانەش لە شێوەی کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ(بەجێهێنانی ناڕاستەوخۆ) دەردەبڕدرێن، لەم جۆرەیاندا مەبەستی قسەکەر بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەگاتە گوێگر و جیاوازییەک لەنێوان جۆری ڕستەکە و جۆری کردە قسەییەکە(مەبەستەکە)دا هەیە، هێزێکی ڕەوانبێژی دەچێتە پاڵ ڕستەکە، کە واتای قسەکەر دەگەیەنێت.

مەهێڵە .. با
وەک درەختێکی ڕووتەڵە
هەست بە غەریبی خۆم نەکەم
ئەمشەو باران
هەموو گیانی شتوومەوە
هێندەی لێدام گوناهەکانم وەریون
بەڵام هێشتا
لە عەشق پاک نەبوومەوە (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی: ٢٠١٨، ٨٢).

ئەگەر سەیری ئەم دەقە شیعرییە بکەین، دەبینین بەشێکی شیعرەکە کە دەڵێ:

مەهێڵە .. با
وەک درەختێکی ڕووتەڵە
هەست بە غەریبی خۆم نەکەم

لە شێوەی داخوازیدایە، بەڵام لە ڕوی کردەی قسەییەوە کردەی (فەرماندان و قەدەغەکردن و ئامۆژگاریکردن) ئەنجامدەدات، کە ئەم کردانەش لە شێوەی کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ(بەجێهێنانی ناڕاستەوخۆ) دەردەبڕدرێن، لەم جۆرەیاندا مەبەستی قسەکەر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەگاتە گوێگر و جیاوازییەک لەنێوان جۆری ڕستەکە و جۆری کردە قسەییەکە(مەبەستەکە)دا هەیە، هێزێکی ڕەوانبێژی دەچێتە پاڵ ڕستەکە، کە واتای قسەکەر دەگەیەنێت، واتە لێرەدا شاعیر ئەم پارچە شیعرە ئاراستەی

خۆشەویستەکەی دەکات و فەرمانی پێ دەکات کە چیتر بە تەنیا بەجێی نەهێڵێ، بۆ ئەوەی هەست بە غەریبی نەکات.

بەشەکەی تری ئەم پارچە شیعرە کە دەڵێ:

ئەمشەو باران

هەموو گیانی شتوومەوە

هێندەی لێدام گوناهەکانم وەریون

بەڵام هێشتا

لە عەشق پاک نەبوومەوە

ئەگەر سەیری ئەم دەقە شیعرییە بکەین، دەبینین لە شێوەی هەواڵگەیاندندایە، بەڵام لە ڕوی کردەی قسەییەوە مەبەستی تر دەدات بەدەستەوە، لێرەدا شاعیر باس لەوە دەکات کە لە تەنیایی و غەریبی و چاوەڕانی یاردا باران تەڕیکردووە و پاک و خاوێنی کردۆتەوە لە گوناهەکانی، بەڵام لەبەر زۆری خۆشەویستی بۆ یارەکەی هێشتا لە عەشق پاک نەبۆتەوە، واتە ئەم پارچە شیعرە لە ڕوی واتاوە کردەی (ئاگادارکردنەوە ، هەستدەربڕین، داکۆکیکردن، گلەیکردن)دەگەیەنێت، کە ئەم کردانەش لە شێوەی کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ(بەجێهێنانی ناڕاستەوخۆ) دەردەبڕدرێن، لەم جۆرەیاندا مەبەستی قسەکەر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەگاتە گوێگر و جیاوازییەک لەنێوان جۆری ڕستەکە و جۆری کردە قسەییەکە(مەبەستەکە)دا هەیە، هێزێکی ڕەوانبێژی دەچێتە پاڵ ڕستەکە، کە واتای قسەکەر دەگەیەنێت.

ئەی زامە دێرینەکەی دڵ

لەو ڕۆژەوە کە دەستم لە تۆ شتووە

وەک دەروێشێک

ڕۆحم لەبەر

بارانی ڕەحمەتی خوادا هەڵخستووە (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی: ٢٠١٨، ٨٢).

ئەگەر سەیری ئەم دەقە شیعرییە بکەین، دەبینین لە شێوەی هەواڵگەیاندندایە، بەڵام لە ڕوی کردەی قسەییەوە مەبەستی تر دەدات بەدەستەوە، لێرەدا شاعیر باس لەوە دەکات یارەکەی لە مێژە خۆشدەوێت و دانیپیادەنێت کە ئیتر یارەکەی ئەوی خۆشی ناوێت، بۆیە خۆی بە دەروێشێک دەچوێنێ، کە چاوەڕوانی ڕەحمی خودایە، واتە ئەم پارچە شیعرە لە ڕوی واتاوە کردەی (ئاگادارکردنەوە ، ناڕەزایی ، هەستدەربڕین، دانپیانان)دەگەیەنێت، کە ئەم کردانەش لە شێوەی کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ(بەجێهێنانی ناڕاستەوخۆ) دەردەبڕدرێن، لەم جۆرەیاندا مەبەستی قسەکەر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەگاتە گوێگر و جیاوازییەک لەنێوان جۆری ڕستەکە و جۆری کردە قسەییەکە(مەبەستەکە)دا هەیە، هێزێکی ڕەوانبێژی دەچێتە پاڵ ڕستەکە، کە واتای قسەکەر دەگەیەنێت.

چاوەکانت بێ دەنگ ئەدوێن

نیگا ئەکەن زۆر شت ئەڵێن

ئەوەی بە دەم نایدرکێنی

ئەوەی لات بۆتە نهێنی

هەر کاتێ سەرنجیان ئەدەم

ئاشکرا لێیان تێ ئەگەم (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی: ٢٠١٨، ٨٦).

ئەگەر سەیری ئەم دەقە شیعرییە بکەین، دەبینین لە شێوەی هەواڵگەیاندندایە، بەڵام لە ڕوی کردەی قسەییەوە مەبەستی تر دەدات بەدەستەوە، لێرەدا شاعیر باس لەوە دەکات کە سەیری چاوی یار دەکات، بە زمانی جەستە تێدەگات لە نیگاکانی و دەزانێ دڵی یار چی دەڵێ و چی دەوێ ، واتە ئەم پارچە شیعرە لە ڕوی واتاوە کردەی (ئاگادارکردنەوە ، هەستدەربڕین، پێشبینیکردن)دەگەیەنێت، کە ئەم کردانەش لە شێوەی کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ(بەجێهێنانی ناڕاستەوخۆ) دەردەبڕدرێن، لەم جۆرەیاندا مەبەستی قسەکەر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەگاتە گوێگر و جیاوازییەک لەنێوان جۆری ڕستەکە و جۆری کردە قسەییەکە(مەبەستەکە)دا هەیە، هێزێکی ڕەوانبێژی دەچێتە پاڵ ڕستەکە، کە واتای قسەکەر دەگەیەنێت.

کە لەگەڵ تۆ دائەنیشم

خۆشە کات بوەستێ و نەڕوا

چونکە جوانی تۆ بۆ بەندە

بەشێکە لە بەزەیی خوا (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی: ٢٠١٨، ١٠٦).

ئەگەر سەیری ئەم دەقە شیعرییە بکەین، دەبینین لە شێوەی هەواڵگەیاندندایە، بەڵام لە ڕوی کردەی قسەییەوە مەبەستی تر دەدات بەدەستەوە، لێرەدا

مەبەستی شاعیر ئەوەیە زۆر خۆشحاڵە بە دیدەنی یارەکەی و حەزدەکات هەمیشە لەگەڵیدا بێت، هەروەها جوانی یارەکەی بە ڕەحم و بەزەیی خودا دادەنێت، واتە ئەم پارچە شیعرە لە ڕوی واتاوە کردەی (حەزلێبون و هەستدەربڕین و ئاگادارکردنەوە و ئینکاریکردن)دەگەیەنێت، کە ئەم کردانەش لە شێوەی کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ(بەجێهێنانی ناڕاستەوخۆ) دەردەبڕدرێن، لەم جۆرەیاندا مەبەستی قسەکەر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەگاتە گوێگر و جیاوازییەک لەنێوان جۆری ڕستەکە و جۆری کردە قسەییەکە(مەبەستەکە)دا هەیە، هێزێکی ڕەوانبێژی دەچێتە پاڵ ڕستەکە، کە واتای قسەکەر دەگەیەنێت.

لە پەنجەرەی کۆشکێکەوە
تێرێک دەستی
بە ورگی خۆیا ئەهێنا
ئەیوت: سەیرە
هێجگار سەیرە
چۆن لەتێ نان
ئەبێتە تەنیا دروشمێ
بۆ شۆڕشی برسییەکان
*  *  *
دنیا شەوبوو
برسییەکیش
لە کەلاوەیەکی کۆنا
بەئاگا هات
سەری هەڵبڕی بۆ ئاسمان
مانگی لێ بوو بە لەتێ نان !    (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی: ٢٠١٨، ١٣٤).

ئەگەر سەیری ئەم دەقە شیعرییە بکەین، دەبینین لە شێوەی هەواڵگەیاندنایە، بەڵام لە ڕوی کردەی قسەییەوە مەبەستی تر دەدات بەدەستەوە، لێرەدا مەبەستی شاعیر ئەوەیە کە زگی تێر ئاگای لە برسی نییە و هەست بەوە ناکات کە برسییەتی تەنگ بە مرۆڤ هەڵدەچنێ و وای لێ دەکات مانگی لێ ببێ بە لەتێ نان و لەپێناو لەتێ نان شۆڕش بکات، واتە ئەم پارچە شیعرە لە ڕوی واتاوە کردەی (هەستدەربڕین و ئاگادارکردنەوە و نیگەرانبون و گلەیکردن)دەگەیەنێت، کە ئەم کردانەش لە شێوەی کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ(بەجێهێنانی ناڕاستەوخۆ) دەردەبڕدرێن، لەم جۆرەیاندا مەبەستی قسەکەر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەگاتە گوێگر و جیاوازییەک لەنێوان جۆری ڕستەکە و جۆری کردە قسەییەکە(مەبەستەکە)دا هەیە، هێزێکی ڕەوانبێژی دەچێتە پاڵ ڕستەکە، کە واتای قسەکەر دەگەیەنێت.

تووڕە مەبە
خۆت زیز مەکە
خوا ئەتگرێ
کە بێ دەنگم
وا مەزانە تاوانبارم
ئەگەر عەشق
وەکو من داخی ئەکردی
ئەتزانی چۆن
شاعیر شەوانە گڕ ئەگرێ (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی: ٢٠١٨، ١٧٢).

ئەگەر سەیری ئەم دەقە شیعرییە بکەین، دەبینین بەشێکی شیعرەکە کە دەڵێ:

تووڕە مەبە
خۆت زیز مەکە
خوا ئەتگرێ

لە شێوەی داخوازیدایە، بەڵام لە ڕوی کردەی قسەییەوە کردەی (فەرماندان و داوا و قەدەغەکردن و ئامۆژگاریکردن و هەڕەشەکردن) ئەنجامدەدات، کە ئەم کردانەش لە شێوەی کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ(بەجێهێنانی ناڕاستەوخۆ) دەردەبڕدرێن، لەم جۆرەیاندا مەبەستی قسەکەر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەگاتە گوێگر و جیاوازییەک لەنێوان جۆری ڕستەکە و جۆری کردە قسەییەکە(مەبەستەکە)دا هەیە، هێزێکی ڕەوانبێژی دەچێتە پاڵ ڕستەکە، کە واتای قسەکەر دەگەیەنێت، واتە لێرەدا شاعیر ئەم پارچە شیعرە ئاراستەی خۆشەویستەکەی دەکات و فەرمانی پێ دەکات کە چیتر لێی تورەوزیز نەبێت، ئەگەر نا ئاهی ئەو خوا دەیگرێت، چونکە ئەو خۆی بە تاوانبار نازانێت.

لەدوای ئەوە شاعیر دەڵێ:

کە بێ دەنگم
وا مەزانە تاوانبارم

چیم پێ ئەکرێ ؟

لە شێوەی پرسیاردایە، بەڵام لە ڕوی کردەی قسەییەوە کردەی (پۆزشهێنانەوە ، پاکانەکردن ، نارەزایی) ئەنجامدەدات، کە ئەم کردانەش لە شێوەی کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ(بەجێهێنانی ناڕاستەوخۆ) دەردەبڕدرێن، لەم جۆرەیاندا مەبەستی قسەکەر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەگاتە گوێگر و جیاوازییەک لەنێوان جۆری ڕستەکە و جۆری کردە قسەییەکە(مەبەستەکە)دا هەیە، هێزێکی ڕەوانبێژی دەچێتە پاڵ ڕستەکە، کە واتای قسەکەر دەگەیەنێت، واتە لێرەدا شاعیر لە شێوەی پرسیاردا پۆزش دەهێنێتەوە بۆ یارەکەی و پاکانە دەکات لەوەی کە گوناهبار نییە و حەز و خۆشەویستی یارە وای لە ئەو کردووە کە هەمیشە بێدەنگ بێت، لەدواتردا کە شاعیر دەڵێ:

حەزێکی شێت

دەم و دەست و چاوی بەستووم

قورگی گرتووم

ناوی خواشم بۆ ناوترێ

لە شێوەی هەواڵگەیاندنایە، بەڵام لە ڕوی کردەی قسەییەوە مەبەستی تر دەدات بەدەستەوە، لێرەدا مەبەستی شاعیر ئەوەیە کە حەز و خۆشەویستی ئەو ئەوەندە بەهێز و کاریگەرە کە دەم و دەست و چاوی بەستووە، تەنانەت ناتوانێت ناوی خواش دەربڕێ، واتە ئەم پارچە شیعرە لە ڕوی واتاوە کردەی (ئاگادارکرنەوە و ئینکاریکردن و هەستدەربڕین)دەگەیەنێت، کە ئەم کردانەش لە شێوەی کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ(بەجێهێنانی ناڕاستەوخۆ) دەردەبڕدرێن، لەم جۆرەیاندا مەبەستی قسەکەر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەگاتە گوێگر و جیاوازییەک لەنێوان جۆری ڕستەکە و جۆری کردە قسەییەکە(مەبەستەکە)دا هەیە، هێزێکی ڕەوانبێژی دەچێتە پاڵ ڕستەکە، کە واتای قسەکەر دەگەیەنێت.

یەکگرتووبن

لاشەی هیلاکی چەند ساڵمان

برینی زۆری پێوەیە

بۆ گەیشتن بە ڕووناکی

چاومان لە دەستی ئێوەیە

لەناو یەکا یەکگرتووبن

لە تێکۆشان بێ پشووبن

بۆچی وەکو گەڵای وشکی

بابردوو بن

یەکگرتووبن (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی: ٢٠١٨، ٢٦٨).

ئەگەر سەیری ئەم دەقە شیعرییە بکەین، دەبینین لە شێوەی داخوازیدایە، بەڵام لە ڕوی کردەی قسەییەوە کردەی (فەرماندان و داوا و قەدەغەکردن و ئامۆژگاریکردن ، نارەزایی ، ڕولێنان) ئەنجامدەدات، کە ئەم کردانەش لە شێوەی کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ(بەجێهێنانی ناڕاستەوخۆ) دەردەبڕدرێن، لەم جۆرەیاندا مەبەستی قسەکەر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەگاتە گوێگر و جیاوازییەک لەنێوان جۆری ڕستەکە و جۆری کردە قسەییەکە(مەبەستەکە)دا هەیە، هێزێکی ڕەوانبێژی دەچێتە پاڵ ڕستەکە، کە واتای قسەکەر دەگەیەنێت، واتە لێرەدا شاعیر ئەم پارچە شیعرە ئاراستەی میلەتەکەی دەکات و داوایان لێدەکات، کەوا یەکگرتوبن و تێبکۆشن لەپێناو سەرخستنی گەل و نەتەوەکەیان، چونکە چەندین ساڵە بەدەست خۆخۆری و لەناوبردنی یەکتری و پلانی دوژمنان دەناڵێنن.

مناڵەکانی فاتیکان

ڕۆژێ لە (پاپا) بپرسن

گەلێک هەیە بەناوی کورد

خاکێک بەناوی کوردستان؟

گەر نازانێ ، با پێی بڵێم

خاکێکە ڕۆژێ لە ڕۆژان

دز و دڕندە و ناحەزان

لە چەند لاوە دەمیان تێژەن

نینۆکی قینیان تێچەقان

خێر و بێریان برد بۆ خۆیان

ڕەزیان بڕی و دێیان سووتان

لە دواییشا

کوردیان ناونا دز و جەردە

لەبەرئەوەی

ویستی بژی وەکو ئینسان

* * *

منالْەكانی فاتیكان

لەو ڕۆژەوە

كوردی ڕۆڵەی بەفر و چیا

تفەنگی حەق كردە شان

پێشمەرگەیە بۆ ڕێی ژیان

نموونەیە بۆ تێكۆشان        (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی: ٢٠١٨، ٢٧٦ - ٢٧٧).

ئەگەر سەیری ئەم دەقە شیعرییە بكەین، دەبینین بەشێكی شیعرەكە كە دەڵێ:

منالْەكانی فاتیكان

ڕۆژێ لە (پاپا) بپرسن

گەلێک هەیە بەناوی كورد

خاكێک بەناوی كوردستان؟

لێرەدا (ڕۆژێ لە (پاپا) بپرسن) لە شێوەی داخوازیدایە، بەڵام لە ڕوی كردەی قسەییەوە كردەی (فەرماندان و داوا و ئامۆژگاریكردن ، ڕولێنان) ئەنجامدەدات، كە ئەم كردانەش لە شێوەی كردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ(بەجێهێنانی ناڕاستەوخۆ) دەردەبڕدرێن، واتە لێرەدا شاعیر ئەم پارچە شیعرە ئاراستەی منداڵەكانی فاتیكان دەكات و داوایان لێدەكات، كەوا پرسیاری خاک و گەلی كورد و كوردستان لە (پاپا) بكەن، دوای ئەوە كە شاعیر دەڵێ:

گەر نازانێ ، با پێی بڵێم

خاكێكە ڕۆژێ لە ڕۆژان

دز و دڕندە و ناحەزان

لە چەند لاوە دەمیان تێژەن

نینۆكی قینیان تێچەقان

خێر و بێریان برد بۆ خۆیان

ڕەزیان بڕی و دێیان سووتان

لە دواییشا

كوردیان ناونا دز و جەردە

لەبەرئەوەی

ویستی بژی وەكو ئینسان

* * *

منالْەكانی فاتیكان

لەو ڕۆژەوە

كوردی ڕۆڵەی بەفر و چیا

تفەنگی حەق كردە شان

پێشمەرگەیە بۆ ڕێی ژیان

نموونەیە بۆ تێكۆشان

دەبینی لە شێوەی هەواڵگەیاندندایە، بەڵام لە ڕوی كردەی قسەییەوە مەبەستی تر دەدات بەدەستەوە، لێرەدا مەبەستی شاعیر ئەوەیە كە ئەگەر پاپا نازانێ خاكی كوردستان و گەلی كورد و كێن و چین، من پێی ئەڵێم كەوا هەمیشە ناحەزان هەوڵی لەناوبردنیان داوە و هەرچی سودی ئەم خاكە هەبووە بۆ خۆیانیان بردووە، بۆیە كوردیش لەپێناو بەرگریكردن لەخۆی و خاكەكەی هەمیشە تفەنگلەشان و پێشمەرگە بووە و هەوڵی ڕزگاركردنی خاک و نەتەوەكەی داوە، واتە ئەم پارچە شیعرە لە ڕوی واتاوە كردەی (هەستدەربڕین و ئاگاداركردنەوە و گلەیكردن و تورەبون و ناڕەزایی)دەگەیەنێت، كە ئەم كردانەش لە شێوەی كردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ(بەجێهێنانی ناڕاستەوخۆ) دەردەبڕدرێن، لەم جۆرەیاندا مەبەستی قسەكەر بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ دەگاتە گوێگر و جیاوازییەک لەنێوان جۆری ڕستەكە و جۆری كردە قسەییەكە(مەبەستەكە)دا هەیە، هێزێكی ڕەوانبێژی دەچێتە پاڵ ڕستەكە، كە واتای قسەكەر دەگەیەنێت.

خەڵكی بۆ مەرگی ئازیزێ

دوو ڕۆژ پرسە دائەنیشن

ساڵێک بەرگی ڕەش ئەپۆشن

ئەدی ئێمە

لە مەرگی هەڵەبجەی جوانا

چەند ڕۆژ بۆ پرسە دانیشین ؟

چەند ساڵ بەرگی ڕەش بپۆشین ؟ (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی: ٢٠١٨، ٢٨٦).

ئەگەر سەیری ئەم دەقە شیعرییە بكەین، دەبینین لە شێوەی پرسیاردایە، بەڵام لە ڕوی كردەی قسەییەوە كردەی (ناڕەزایی ، گلەیكردن ، هەڵچون) ئەنجامدەدات، كە ئەم كردانەش لە شێوەی كردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ(بەجێهێنانی ناڕاستەوخۆ) دەردەبڕدرێن، لەم جۆرەیاندا مەبەستی قسەكەر بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ دەگاتە گوێگر و جیاوازییەک لەنێوان جۆری ڕستەكە و جۆری كردە قسەییەكە(مەبەستەكە)دا هەیە، هێزێكی

ڕەوانبێژی دەچێتە پاڵ ڕستەکە، کە واتای قسەکەر دەگەیەنێت، واتە لێرەدا شاعیر لە شێوەی پرسیاردا مەبەستەکانی دەردەبڕێت، کە باس لەوە دەکات، کاتێک ئێمە تەنها بۆ یەک مرۆڤ دو ڕۆژ پرسە دەگێڕین و ساڵێک خەم و پەژارە دامانده‌گرێت، ئەی لە مەرگی چەندین هەزار مرۆڤ کە بە ناحەق کوژران و خوێنیان ڕژا، دەبێت چەند ڕۆژ پرسە بگێڕین و چەند ساڵ خەم و پەژارە دامانبگرێت.

لە شیکردنەوە و لێکدانەوەی ئەم چەند دەقە شیعرییەی شاعیردا، کە لەم توێژینەوەیەدا ئاماژەی پێکراوە، ئەم کردانەی خوارەوە دەبینرێن:

١- کردەی ئاگادارکردنەوە: پەیوەستە بە زانیاری قسەکەر کاتێک گوێگر ئاگاداردەکاتەوە و زانیاری پێدەبەخشێت، داوا لە گوێگریش دەکات، بەپێی پێویستی کردەکە هەڵسوکەوت بکات.

٢- کردەی هەستدەربڕین: قسەکەر هەستی خۆی بەرامبەر گوێگر دەردەبڕێت،

٣- کردەی گلەیکردن: لەم جۆرە کردەیەدا قسەکەر بێزاری خۆی پیشان دەدات، دەشێ بە ئاوازی هەواڵگەیاندن یان پرسیار دەربڕێ، گلەیکردن لەوەدا لە ناڕەزایی جیادەبێتەوە، کە لە گلەیدا ناڕەزاییەکە دەکەوێتە سەر گوێگر، چونکە لە توانایدا هەبووە کردە داریکراوەکە بە ئەنجام بگەیەنێت، بەڵام گوێگر کەمتەرخەم بووە، بەڵام لە ناڕەزایدا مەرج نییە سەکەوتنی کردەکە لەژێر دەسەڵاتی گوێگردا بێت، بەڵکو هۆی تر لەئارادا هەیە، بە پێچەوانەی گلەیکردن.

٤- کردەی حەزلێبون: قسەکەر حەز بەشتێک دەکات و خۆشحاڵی خۆی بەرامبەر بە گوێگر دەردەبڕێت.

٥- کردەی توڕەبون: قسەکەر حەز بەشتێک ناکات و توڕەیی خۆی بەرامبەر بە گوێگر دەردەبڕێت.

٦- کردەی نیگەرانبون: قسەکەر حەز بەشتێک ناکات و نیگەرانی و دڵتەنگی خۆی بەرامبەر بە گوێگر دەردەبڕێت.

٧- کردەی پێشنیازکردن: قسەکەر پێشنیازی شتێک دەکات کە پێویستە گوێگر زانیاری لەسەری هەبێت و لە داهاتودا ئەنجامی بدات.

٨- کردەی ترساندن: قسەکەر دەترسێت لەوەی کە کارێک ئەنجام دەدات.

٩- کردەی گومان: قسەکەر گومان دەکات لە ڕودانی کارێک.

١٠- کردەی داکۆکیکردن: قسەکەر داکۆکی دەکات لەسەر شتێک.

١١- کردەی ناڕەزایی: قسەکەر ناڕەزایی دەردەبڕێت بەرامبەر بە گوێگر، لەوەی کەوا دیاردەکە یا کردەکە سەکەوتو نەبووە و بە ئەنجام نەگەیشتووە.

١٢- کردەی دانپیانان: قسەکەر دان بە شتێک دادەنێت لەبەرامبەر گوێگردا.

١٣- کردەی پێشبینیکردن: قسەکەر پێشبینی شتێک دەکات کە ڕودەدات لە ڕابردودا.

١٤- کردەی پاکانەکردن: ئەم جۆرە کردەیە بەشێوەی شاراوە لە ڕێگەی ڕستەی هەواڵگەیاندنەوە دەردەبڕدرێت و قسەکەر گوێگر دڵنیادەکاتەوە کە ئەو بێتاوانە.

١٥- کردەی فەرماندان: قسەکەر فەرمان بە گوێگر دەکات کەوا کارێک ئەنجام بدات، لە ڕوی پلەوپایەوە قسەکەر لە گوێگر باڵادەستره.

١٦- کردەی داواکردن: قسەکەر فەرمان بە گوێگر دەکات کەوا کارێک ئەنجام بدات، لە ڕوی پلەوپایەوە قسەکەر و گوێگر یەکسانن.

١٧- کردەی قەدەغەکردن: قسەکەر داوای نەکردنی کارێک لە گوێگر دەکات.

١٨- کردەی ئامۆژگاریکردن: ئامۆژگاریکردنیش جۆرێکی داخوازیکردنە و لە فەرمان نزیکدەبێتەوە و هەمان بۆتەی فەرمانی هەیە، بەڵام بەهۆی دروستبونی مەرجەکانی ئامۆژگاری و چوارچێوەی قسەکردنەکە دەناسرێتەوە.

١٩- کردەی هەڕەشەکردن: لەم کردەیە قسەکەر باڵادەستی خۆی بەسەر گوێگردا دەسەپێنێ و هەوڵدەدات گوێگر ملکەچی داوا و مەبەستەکەی خۆی بکات.

٢٠- کردەی ڕولێنان: قسەکەر ڕو لە گوێگر دەنێت، کەوا کارێک ئەنجام بدات.

٢١- کردەی پۆزشهێنانەوە: لەم کردەیەدا قسەکەر هەست بە پەشیمانی دەکات(ڕاست بێت یا درۆ)، گلەییەکە دەخاتە سەر خۆی و بەپێچەوانەی گلەیکردن، لە گلەیکردن هەڵە لە گوێگردایە، بەڵام لە پۆزشهێنانەوە قسەکەر خۆی بە خاوەنی هەڵە دادەنێ.

٢٢- کردەی هەڵچون: لەم کردەیە قسەکەر لەڕوی دەروونییەوە هەڵدەچێت بەرامبەر بە گوێگر، واتە ڕادەی لە توڕەبونەکەی زیاترە.

هەمو ئەم کردانەی کەوا لەسەرەوە ئاماژەمان پێدان دەچنە چوارچێوەی کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆوە، واتە شاعیر(نێرەر) بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ مەبەستەکانی خۆی بەرامبەر بە وەرگر دەربڕیووە، لە ڕێگەی ڕستەی هەوڵگەیاندن و پرس و داخوازی، کە زۆرترین کردەکان لە ڕێگەی ڕستەی هەواڵگەیاندنەوە دەربڕاون، لە دوای ئەوەی لە ڕێگەی ڕستەی داخوازییەوە دەربڕاوە، ئینجا بە پلەی سێیەم لە ڕێگەی ڕستەی پرسەوە دەربڕاوە، زۆرترینی ئەو کردانەشی کەوا دوبارەبونەتەوە بە پلەی یەکەم کردەی (ئاگادارکردنەوە و هەستدەربڕین)ە، کەوا مەبەستی نێرەر ئاگادارکردنەوەی وەرگرە لەوەی کە بە پێی پێویست هەڵسوکەوت بکات، هەروەها بە پلەی دووەم نێرەر کردەی (گلەیکردن)ی لە شیعرەکانیدا بەرامبەر بە وەرگر بەکارهێناوە، بە مەبەستی ئەوەی کەوا وەرگر لە توانایدا هەبووە کردە دیاریکراوەکە بە ئەنجام بگەیەنێت، بەڵام کەمتەرخەم بووە، بە پلەی سێیەمیش نێرەر کردەی (نارەزایی) لە شیعرەکانیدا بەرامبەر بە گوێگر بەکارهێناوە، لەوەی کەوا دیاردەکە یا کردەکە سەکەوتو نەبووە و بە ئەنجام نەگەیشتووە، بە پلەی چوارەمیش نێرەر کردەی (فەرماندان و قەدەغەکردن و داواکردن)ی بەکارهێناوە لە شیعرەکانیدا، کەوا نێرەر مەبەستییەتی وەرگر هەستێت بە ئەنجامدانی یان ئەنجامنەدانی کارێک، بە پلەی پێنجەمیش نێرەر کردەی ئامۆژگاریکردنی بەکارهێناوە، کە مەبەستییەتی ئامۆژگاری وەرگر بکات لە ئەنجامدانی یان ئەنجامنەدانی کارێک، لەدوای ئەوەش کردە جیاوازەکانی تر بۆ مەبەستی جیاجیا بەکارهاتون، هەروەکو لەسەرەوە ئاماژەمان پێیاندا، بۆ جۆر و ژمارە کردە قسەییەکان بڕوانە ئەم خشتەیەی خوارەوە:

| جۆری ڕستەکان | جۆری کردەقسەییەکان | ژمارەی دوبارەبونەوەی کردەکان |
|---|---|---|
| لە دەقە شیعرییەکاندا بە پلەی یەکەم ڕستەی(هەواڵگەیاندن) کردەکان دەگرێتەخۆ | کردەی ئاگادارکردنەوە | ٧ |
| لە دەقە شیعرییەکاندا بە پلەی دووەم ڕستەی (داخوازی) کردەکان دەگرێتەخۆ | کردەی هەستدەربڕین | ٧ |
| لە دەقە شیعرییەکاندا بە پلەی سێیەم ڕستەی (پرسیاری) کردەکان دەگرێتەخۆ | کردەی گلەیکردن | ٥ |
| | کردەی نارەزایی | ٥ |
| | کردەی فەرماندان | ٤ |
| | کردەی قەدەغەکردن | ٤ |
| | کردەی ئامۆژگاریکردن | ٤ |
| | کردەی پاکانەکردن | ٣ |
| | کردەی داواکردن | ٢ |
| | کردەی حەزلێبون | ٢ |
| | کردەی تورەبون | ٢ |
| | کردەی نیگەرانبون | ٢ |
| | کردەی داکۆکیکردن | ٢ |
| | کردەی پێشنیازکردن | ١ |
| | کردەی ترسان | ١ |
| | کردەی گومان | ١ |
| | کردەی دانپیانان | ١ |
| | کردەی پێشبینیکردن | ١ |
| | کردەی هەڕەشەکردن | ١ |
| | کردەی ڕولێنان | ١ |
| | کردەی پۆزشهێنانەوە | ١ |
| | کردەی هەڵچون | ١ |

## ئەنجام

لەم توێژینەوەیە گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- هەمو ئەم کردە قسییانەی کەوا لەناو دەقە شیعرییەکانی شاعیردا بونی هەیە، دەچنە چوارچێوەی کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆوە، واتە شاعیر(نێرەر) بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ مەبەستەکانی خۆی بەرانبەر بە وەرگر، لە ڕێگەی ڕستەی هەوڵگەیاندن و پرس و داخوازی دەربڕیووە.

٢- زۆرترین کردەکان لە ڕێگەی ڕستەی هەواڵگەیاندنەوە دەربڕاون، لە دوای ئەوە لە ڕێگەی ڕستەی داخوازییەوە بووە، ئینجا بە پلەی سێیەم لە ڕێگەی ڕستەی پرسەوە بووە.

٣- زۆرترینی ئەو کردانەشی کەوا دوبارەبونەتەوە بە پلەی یەکەم کردەی (ئاگادارکردنەوە و هەستدەربڕین)ە، هەروەها بە پلەی دووەم نێرەر کردەی (گلەیکردن)ی لە شیعرەکانیدا بەرانبەر بە وەرگر بەکارهێناوە، بە پلەی سێیەمیش نێرەر کردەی (فەرماندان و قەدەغەکردن و داواکردن)ی بەکارهێناوە لە شیعرەکانیدا، بە پلەی چوارەمیش نێرەر کردەی ئامۆژگاریکردنی بەکارهێناوە، کە مەبستییەتی ئامۆژگاری وەرگر بکات لە ئەنجامدانی یان ئەنجامنەدانی کارێک.

## لیستی سەرچاوەکان


١. ابراهیم خلیل (٢٠١٠)، مدخل الی علی اللغە، ط١، دار المیسرە للنشر والتوزیع، عمان.

٢. بابا ڕەسوڵ نوری ڕەسوڵ (٢٠١٣)، شیکردنەوەی دەق، نوکتە بە نموونە، نامەی دکتۆرا، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە.

٣. بەیان مەلاحمدامین (٢٠١٣)، ڕێبازی ئەرکی و شیکردنەوەی دەق بۆچونەکانی "دیل هایمز" بە نمونە، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.

٤. بێری یاسین (٢٠١٢)، هەندێ لایەنی پراگماتیکی فراوان ((ماکرۆپراگماتیک)) لەزمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە . بەشە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.

٥. تاڵیب حوسێن عەلی (٢٠١٩)، شیکردنەوەی گوتار، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

٦. جۆرج یوڵ(٢٠١٦)، مەبەستناسی(پراگماتیک)، و: ڕەحیم سورخی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، ناوەندی توێژینەوەی ئەدەبی عەبدولڕەحمان زەبیحی، سلێمانی.

٧. جۆناسان کالەر(٢٠٢٠)، تیۆری ئەدەبی کورتە ناساندنێک، و: سەنگەر نازم و هیمداد حوسێن، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی فێربون، هەولێر.

٨. چیا عەلی و بروا ڕەسوڵ(٢٠١٨)، دڵدار شاعیری ڕەسەنایەتی زمان و شیعر و هزری نەتەوەیی، باسەکانی سێیەمین کۆنفرانسی ناودارانی کۆیە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٩. حسین خمری (٢٠٠٧)، نظریة النص . من بنیة المعنی الی سیمائیة الدال، ط١، بیروت.

١٠. خلیل بن یاسر (٢٠٠٩) الترابط النص فی الضوء التحلیل اللسانی للخطاب، ط١، دار جرجیر للنشر والتوزیع، عمان . اردن.

١١. دارا حەمید محەمەد (٢٠١٢)، شیکاری ڕستەی ئاڵۆز لەڕوانگەی پراگماتیکیەوە، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردە . کەلار، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

١٢. دیار عەلی کەمال (٢٠٠٩)، گوتاری سیاسی کوردی لە ڕوانگەی پێشگریمانەکانەوە، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

١٣. ڕەحیم سورخی (٢٠٠٨)، پرۆسەی پێوەندیی جەماوەری، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

١٤.سازان رضا معین (٢٠٠٥)، واتا و دەوروبەر، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

١٥.سەباح ڕەشید قادر و بێری یاسین حسێن (٢٠١٣)، ئەدەب و پراگماتیکی فراوان (ماکرۆپراگماتیک)، ژمارە ٢٧، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

١٦.سعد صهیب خضر (٢٠١٠)، تحلیل الخطاب القرآنی فی ضوء الاتجاه النص، رساله ماجستر، جامعه صلاح الدین، کلیه اللغات، اربیل.

١٧.عبدالهادی بن ظافر الشهدی (٢٠٠٤)، استراتیجیات الخطاب . مقاربه لغویه تداولیه، دار الکتب الجدید المتحده، ط١، لیبیا.

١٨.عەبدولسلام نەجمەدین و شێرزاد سەبری عەلی (٢٠١١)، زمانڤانیا تیۆری، چاپا ئێکا، چاپخانەیا حاجی هاشم، هەولێر.

١٩.عەبدولواحید مشیر دزەیی (٢٠٠٩)، کاریگەری دەروونی لەبواری ڕاگەیاندندا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٢٠.عەبدولواحید موشیر دزەیی(٢٠١٤)، پراگماتیکی دەق و گوتار، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.

٢١.عەبدولواحید مشیر دزەیی (٢٠١١)، زانستی پراگماتیکی، چاپی یەکەم، چاپخانەی پاک، هەولێر.

٢٢.عومەر مەحمود کریم (٢٠١٢)، هێز و ئاوازە تاڕوانینێکی پراگماتیکی، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٢٢)، هەولێر.

٢٣.فان دایک(١٩٩٧)، النص بنیاته و وظائفه مدخل الی علم النص، من نظریة الادب في قرن العشرين ، ترجمة: محمد العمرى، افريقيا الشرق، دار البيضاء.

٢٤.فەرەیدون عەبدول بەرزنجی (٢٠١٨)، دیوانی فەرەیدون عەبدول بەرزنجی، کتێبخانەی یادگار، سلێمانی.

٢٥.قەیس کاکل تۆفیق (١٩٩٥)، جۆرەکانی ڕستەو تیۆری کردە قسەییەکان، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

٢٦.محمد عزام (٢٠٠١)، النص الغائب، منشورات اتحاد الكتيب العرب، ديمشق.

٢٧.محەمەد مەحوی (٢٠٠٩)، زانستی هێما . واتا و واتای لێکدانەوە، زانکۆی سلێمانی، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.

٢٨.محەمەد مەعروف فتاح (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٢٩.محمد مەعروف فتاح (٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٣٠.نەزیرە سابیر مستەفا (٢٠١٨)، پراگماتیک و شێوازگەری، تێزی دکتۆرا ، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە.

٣١.Austin,J.L (١٩٦٢) how to do things words, Oxford University, London.

٣٢.Crystal, D. (٢٠٠٨), A Dictionary of Linguistics and Phonetics, Blackwell Publishing.

٣٣.Levinson, S. C. (٢٠١٠), Pragmatics, Cambridge University Press.

٣٤.Yule, George (١٩٩٦) Pragmatics, Oxford University Press.